110 کتێبی گیرفان

Pocket Book 110

# لەگاسنەوە بۆ کۆمپیوتەر

## کۆڕان ، ڕەفتاری بەکۆمەڵ ، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی



وەرگێڕانی

محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

سلێمانی 2010

# لە گاسنەوە بۆ کۆمپیوتەر:

## گۆڕان، ڕەفتاری بەکۆمەڵ، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی

ناوی کتێب: لە گاسنەوە بۆ کۆمپیوتەر:
گۆڕان، ڕەفتاری بەکۆمەڵ، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی

وەرگێڕانی: محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق
بابەت: لێکۆڵینەوە
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: بەختیار ئەوڕەحمان
هەڵەچنی: سازان قادر
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ١٠٠٠ دینار
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم ـ سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:

Kteb@serdam.org
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٧٦٠)

ساڵی٢٠١٠ ی پێدراوە

**سەرچاوە:**

**کۆمەڵگای هاوچەرخ: دەروازەیەک بۆ زانستی کۆمەڵایەتی**

**نووسینی: جۆن ئە. پێڕی و ئێرنا ک. پێڕی**

Contemporary Society:
An Introduction to Social Science
Authored by: John A. Perry and Erna K. Perry

Chapter 10

"Tenth edition"
P. 219 – 245

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

# لە گاسنەوە بۆ کۆمپیوتەر:

## گۆڕان، ڕەفتاری بەکۆمەڵ، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
**محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق**

سلێمانی -٢٠١٠

زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە (١١٠)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

سەدەیەکی نوێ دەستیپێکردووەو بە شێوەیەکی بایەخدارتریش نەک تەنها سەدەیەک بەڵکو هەزارەیەک هاتووەتە کۆتایی، کەوا بەشێکە لە زەمەنێکی گەورە و دراماتیکی بە گوزارشی مرۆڤ. باشە دەبێت چاوەڕێی چ جۆرە گۆڕانێک بین لەم چەرخە نوێیەدا؟ ئێمە تەنها دەتوانین مەزەندەی داهاتوو بکەین، بەڵام شتێک لە ڕابردوو دەزانین، چونکە نەوەکانی پێش ئێمە تۆمارێکی نووسراویان بۆ بەجێهێشتووین بۆیە تێڕوانینێکیمان هەیە بۆ جۆری ئەو ژیانە. کاتێک یەکەم هەزار ساڵی چەرخی مەسیحییەت لە ئەوروپادا هاتە کۆتایی (واتە دەبێت ساڵی ٩٩٩ بێت) ژیان و گوزەران بۆ زۆرینەی خەڵک کۆششێکی سەخت و دژوار بوو. پیاو خۆی بە بەختەوەر دەزانی ئەگەر سی ساڵی تەمەن بکردایە و پەنجا ساڵیش بە تەمەنی پێگەیشتن و پیری لە قەڵەم دەدرا (ئەڵبەتە هەندێکیش تا تەمەنی هەشتا ساڵ ژیاون). ژنانیش بە زەحمەت سی ساڵییان پڕدەکردەوەو گەلێکیش هەر بە منداڵی

دەمردن. ئەو ساڵانەی ئێمە بە ساڵانی منداڵیی دادەنێیـــن بوونیان نەبوو، چونکـــە منداڵان لە هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان دەبوو بە خێرایی گەورە بوونایە و کەســێکی بەکەڵکی کۆمەڵیان لێدەرچووبایە.

ئەمـــە وا دەگەیەنێت کـــە ئیمپراتۆرەکان سەرکردایەتیی لەشکر و سوپایەکیان دەکرد کە هێشـــتا لە تەمەنی هەرزەکاریدا بوون. زۆرێک لە پاپاکانیش لە ســـاڵانی بیســـتی تەمەنیاندا پۆســـتەکانیان وەردەگـــرت. لە ســـەروبەندی هەزارەی یەکەمدا لە ئەورووپا گەشت و هاتوچۆ بەو گالیســـکانە بوون، کە گا ڕایدەکێشـــان و گواســـتنەوەی خێراش ســـواریی ئەســـپ بوو. خانووبـــەرەی نیشـــتەجێ بوونیـــش کۆڵیتی قـــوڕی بـــە زەل و قامیـــش ســـەرگیراو بوو بۆ جووتیـــاری زەویبەندەو قـــەڵای تەختە بەندیش بۆ ئاغا فیوداڵەکان. پەتاو نەخۆشـــی لە هەموو شـــوێن بڵاو بوو، وەک سیل و دیق کە بەردەوام دانیشتوانی قڕەکرد و ئۆردووگای ئەو خەڵکەی تووشـــی گولی دەبووون لە دەرەوەی شـــوورەی شـــارەکان لە زیادبوون و برەودا بـــوو. کەمیی ڤیتامین دەبووە هۆی کوێری، ملەخڕە، ئیفلیجی و گۆجی و ئەوانەش تووشـــی دەبوون بە پشتی

کووڕەوە دەبوونە ســوالّکەر و لە ســەر خێری ئەوانــە دەژیا کە حــالّ و گوزەرانیان باش بوو. باری کۆمەڵایەتی بە زەقی دابەشــی چینایەتی بووبوو: وەجاخزادەکان کــەوا کاتی خۆیان لە شەڕکردنی دوژمناندا بەسەردەبرد بۆ پاراستنی دەســکەوت و ئیمتیازی چینایەتییان، پیاوانی ئاینــی (ئەکلیــرۆس) کە ئەرکی ســەرەکیانن دۆعــاو نوێژ بوو بــۆ ڕزگارکردنــی ڕۆحەکان (چونکە وایان بیــر دەکردەوە کە کۆتایی دنیا لە ئان و ساتدایەو ئەمەش کارێکی گرنگ بوو!)، پاشــانیش جووتیارە زەویبەندەکان دەهاتن کە هەمــوو جــۆرە کارێکی پشتشــکێنیان دەکرد لە کۆمەڵــدا بۆ تێرکردن و پۆشــتەکردنەوەی ئەوانیتر. شــەوانی تاریــک و نووتەک تەنها بە ســووتاندنی دارو چیلکــەو جاربەجاریــش بە مــۆم ڕووناک دەکرایەوەو ئەمە ترس و ســامی خستبووە دڵی هەمووانەوەو هەر وەرزەی تێپەڕ دەبوو لەوی پێش خۆی دەچوو.

لــە هەزار ســاڵی نێــوان ٩٩٩ و ١٩٩٩ دا جیهان بــە شــێوەیەکی دراماتیکی گۆڕانی بەسەرداهات. تەمەن و ژیانی مرۆڤ درێژبووەوەو گەلێ لە نەخۆشییەکان ڕامکران و چارەسەریان بۆ دۆزرایەوە، گواستنەوەو هاتوچۆ خێراییەکی

گەورەیان بەخۆوە بینی، پەیوەندی کردن بەجارێ سەرسامی کردووین، و لە هەزارەی پێشوودا لە سەرەتاییترین حاڵەتیدا بووە. لە جیهانی گەشەکردوودا، خۆراک و خانووبەرە لە ئاستێکی زۆر باشدایە، ئەگەرچی بۆ هەموو کەسیش نیە. کارەبا کارکردنی شەومان بۆ دەرەخسێنێت و سیستەمی پیشەسازی ملیۆنان شت دروست دەکات، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانمان، ماددی بێت یان مەعنەوی. ئەمە بە گەشبینییەوە پێی دەوترێت پێشکەوتن بەڵام بە شێوەیەکی ناعادیلانە نە لە سەر تۆپی زەوی و نە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگاکاندا دابەش نەکراوە. هەروەها کارەساتە کۆنەکانی نەخۆشی و برسێتی و جەنگ و ئازار و مەینەتی بە تەواوی بنەبڕ نەکردووە. بەم هەموو توانا و دەسەڵاتە نوێیانەمانەوە، ئایا دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە سەدەی بیست و یەک چی لە هەگبەکەیدایە؟ ئێمە چیتر لە کۆتایی دنیا ناترسین، بەڵام زۆربەمان بە جۆرە ترس و لەرزێکەوە دەڕوانینە پاشەڕۆژ.

شارەزایانی زانستی کۆمەڵایەتی ئەوەمان پێدەڵێن کە سەدەی بیست و یەک ئەو سەدەیە دەبێت کەوا ئابووری تێیدا ڕۆڵێکی باڵادەست دەبینێت. لە سەدەکانی داهاتوودا دنیا دیموکراسیی

زیاتـــر بەخـــۆوە دەبینێت و ئەمەش بـــە واتای پێکەوەژیانی ئاشـــتیانەی زیاتر لە نێوان گەلان و وڵاتاندا. ڕاســـتێکەی، ئیمپریالیزم لە ڕابردوودا پابەنـــد بوو بە پێویســـتیی زەوتکردنی خاک و وڵاتانی نوێ بۆ تاڵانکردنی کەرەستە خاوەکان. ئەڵبەتە بە شـــێوەیەکی زیاتر کەرەستەی خاو وای لێدێت ئەو بایەخەی پێشـــتری نامێنێت بۆ پیشەسازی، چونکە وزەی خۆرو وزەی ناوکیی کۆنترۆڵکراو جێگەی نەوت دەگرنەوە. هەروەها کۆتایی چەرخی پیترۆڵ دەبێتە هۆی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دۆخی وڵاتان و زۆریان بۆ دێنێت بـــە تەواوی هەماهەنگی بکـــەن، لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەســـەر کردنی کێشـــە و گرفتـــە گەورەکان کەوا بەرەوڕووی تەواوی دنیا بوونەتـــەوە. پێدەچێت ئەوروپـــا و ئەمریکا لە پێشی پێشەوەی زلهێزانی جیهاندا بمێننەوە تا ئەو کاتەی بتوانن چارەسەری هەندێک لە کێشە ناوخۆییەکان ئیدارە بدەن.

ئەمڕۆ گـــۆڕان خێـــراو دراماتیکییە و ئەمە هەمیشـــە وانەبـــووە، چونکـــە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی لـــەڕووی پراکتیکەوە چەندین هەزار ساڵ بێ گۆڕان مابوونەوە. باشە چی ڕوویدا کە ببێتە هۆی ئاوهـــا گۆڕانکارییەکی قووڵ؟ ئەی

چی وایکردووه کە گۆڕان لە ئێستادا بەم خێراییە بەڕێوەبچێت؟ باشـــە گۆڕان لەخۆیدا چیە؟ لە کوێوە ســـەرچاوەی گرتووە؟ ئاخۆ دەتوانرێت ڕابگیرێـــت یان بە گوێرەی خواســـتەکانی ئێمە بێت؟ ئایا دەکرێت خاو یان خێرا بکرێت؟ ئاخۆ دەتوانین کۆنترۆڵی بکەین، یان ئەو کۆنترۆڵمان دەکات؟

# کۆمەڵگە و گۆڕان
## Society and Change

زۆربەی مێژووی مرۆڤایەتـــی، وەک بڵێین، خەڵکی لە دایکبووی نەوە یان وەچەیەک زۆر لە بـــاوک و دایک یان باوانی خۆیان دەچن و واش چـــاوەڕوان دەکەن، منداڵەکانیشـــیان هەروەک خۆیـــان بژین. هـــەر گۆڕانێکیـــش بەرپابوایە تاڕادەیەکی زۆر هەستی پێنەدەکرا، چونکە زۆر سســـت بووە. لە ماوەی دووسەدو پەنجا ساڵی ڕابردوو بەتایبەتیش پەنجا ســـاڵی ڕابردوو، گۆڕانی هێند گەورە هاتە ئـــاراوە لە نەوەیەکە بـــۆ ئەویتر بەڕادەیـــەک کەوا ئـــەو خەڵکانەی بیست یان سی ســـاڵیان نێوانە ڕەنگە بوترێت کـــە بەتەواوەتی لە دوو کۆمەڵگـــەی جیاوازدا ژیـــاون و بە یەکتر نامۆ بوون. زانای لێکۆڵیاری پاشـــەڕۆژ ئەڵڤیـــن تۆفلـــەر Alvin Toffler بەم کۆنســـێپتە دەڵێت (شـــۆک یان ڕاچەنینی پاشـــەڕۆژ)، کە حاڵەتێکی نزیکە لە شۆک یان

ڕاچەنینی فەرهەنگییەوە کەوا کەسێک پیادەی کردبێــت بەرەنگاری فەرهەنگێکــی تەواو نامۆ بووبێتەوە بۆ یەکەمجار. لــە هەمان کاتدا ئەو گۆڕانــە دراماتیکییە بە شــێوەیەکی بەردەوام دێتە کایەوەو تاڵە داوێکــی جێگیربوونیش بە ئاشــکرا دەردەکەوێت. فاکتەری جێگیربوونیش کۆمەڵگەکان پێکەوە دەهێڵێتەوەو هەر نەوەیەک بەویترەوە گرێدەدات.

بابەتــی گــۆڕان ســیحرێکی تایبەتــی لەخۆگرتووە بۆ زانــا کۆمەڵایەتییەکان، چونکە ئەگەر سەرچاوەکانی گۆڕان بکرێت بە شێوەیەکی زانســتی دیاری بکرێن و پێشــبینی مــەودای گۆڕانەکە بکرێت ئەو دەمە ئەگەری ڕابەری کردنی گۆڕانەکە بە ئاڕاســتەی بەدەسهێنانی بەرزترین باشــەی هاوبەشی دەکرێت ببێتە ڕاستییەک. بۆ بەدبەختی بابەتی گۆڕان بە شــێوەیەکی ئاسان دەردەست نابێت. بەهەرحاڵ، گۆڕان بە بەردەوامی شیدەکرێتەوە چونکە ڕوون و ئاشکرایە ئەمە ئەو چەقەیە کەوا زۆربەی بوارەکانی ژیانی هاوچەرخ بە دەوریدا دەسووڕێتەوە.

هەرچەنــدە گۆڕان بریتییە لــە بەردەوامی و جووڵە، بەڵام شــیکاری پێویســتی بەوەیە کە دیاردە کۆمەڵایەتیــەکان وا بنوێنرێن کەوا

لە کات و شــوێنێکی دیاریکراودا ڕاوەســتاون (ســتاتیک)، هەروەهــا دەبێت لــە ڕوانگەی داینامیکیشەوە چاودێری بکرێن، یان لێکۆڵینەوە لە ســەرچاوەکانی گۆڕان بکرێت. ســتاتیک و داینامیک دوو ڕەهەندن بۆ هەمان دیاردە. ئەوان دوو حاڵەتی بە یەکەوە هەڵکردوون و پێویستیی بەکارهێنانی هەردوکیان لە تاوتوێکردنی گۆڕاندا پرۆژەکە زیاتر ئاڵــۆز دەکات. هەروەها ئاڵۆزیی لەو ڕاستییەوە ســەرچاوە دەگرێت کەوا گۆڕان کار لە سەر هەموو بوارێکی ژیانی تاک و کۆمەڵ دەکات. ئەڵبەتــە بوارەکانــی پەیوەندیدار بە گۆڕانەوە کە دەبێت لە دواجاردا شــیبکرێنەوە بێکۆتایی و فرە ڕەهەندن.

# ئاستەکانی گۆڕان
# Levels of Change

ڕەنگــە گۆڕان لــە ئاســتەکانی بچووک و ناوەڕاســت و گــەورەدا ئەزمــوون بکرێت. لە ئاســتێکی بچــووک (مایکــرۆ)دا لــە ڕێگەی شــێوازە نوێکانی ئاوێتەبوون و کارلێککردنی تاکەکــەس و گرووپی بچووکەوە هەســت بە گۆڕان دەکرێت، بۆ نموونە، خێزان دەزگایەکی زۆر گۆڕاوە. ئەنجامی ســەرەکیی ئەم گۆڕانانە ئەوەیە کە تاکەکەس بــەرەوڕووی ژمارەیەکی گەورەی هەڵبژاردن دەبێتــەوە: وەک پێوەرە نوێکانــی ڕەفتار، بەهــا و عادەتە نوێیەکان. هەروەهــا هەڵبــژاردن، لە کردنــەوەی هەندێ ئاسۆدا، دڵەڕاوکێ و پەشێوی دروست دەکات. ئەم دوانەش بە ڕۆڵی خۆیان هەستکردن بەرەو ئاقــاری بێ پێــوەری یان نامۆیــی دەبەن کە زیانبەخشن بە تاک و بە کۆمەڵ.

لە ئاســتی ناوەڕاستی ژیانی کۆمەڵایەتیدا،

ئەزموونی گۆڕان لە کۆمەڵگەدا وەک ئەنجامێک دەبێت بۆ گۆڕانکاری لە سیستەمی ئابووری و سیاسیدا. بەو پێیەی پیشەسازی بووە بە هێزێکی بنەڕەتیی ئابووری لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، خەڵک بە ژمارەی گەورە گەورە کەوتوونەتە گواستنەوە بۆ شارەکان. بەشارستانی بوون، وەک ئێمە بەم ئاراستەیە دەڵێین، وا مەزەندە دەکرێت پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە کەم بکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا جوغزی شارستانێتی گەلێ هەل و دەرفەت بۆ تاکەکان دەکاتەوە، بەهەمان شێوەش، گرووپ یان چینەکانی خەڵک کە پێشتر لە پرۆسەی سیاسی دەرکرابوون یان لە جموجۆڵ بەرەو سەرەوە بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد دەسکەوتیان مسۆگەر کردووە وەک ئەنجامێک بۆ بە پیرەوەچوونی بە دیموکراتیبوونی زیاتری سیستەمی سیاسی و دەرفەتی گەورەتر کە سیستەمێکی ئابووریی سەرمایەداریی‌ببەخشێت.

دواجاریش لە سەر ئاستی گەورەی ماکرۆسۆشیاڵ، گۆڕان لەو هێزە کۆمەڵایەتییانەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئاستیان گەورەو شۆڕشگێڕن و کار لە سەر سەرجەمی کۆمەڵگەو ناوچەکانی دنیا دەکەن. ئەو تاک و کۆمەڵگایانەی

ئەزموونی ئەم گۆڕانانەیان پیادە کردووە وا دیارە لەلایەن ئەم هێــزە کۆمەڵایەتیانــەوە ڕامالڕاون بەو مانایەی کــە دەبێت لەگەڵیان بگونجێن یان بفەوتێن. بە شارستانی بوون، پیشەسازی بوون و پەیدابوونی کۆمەڵگەی زانیاری بەشێکن لەم ئاستە گەورەیەی گۆڕان و کاریگەریی دۆمینۆ ئاسایان، هەیــە کەوا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دام و دەزگای کۆمەڵگەکان دەگۆڕن.

# پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی

# Processes of Social and Cultural Change

ڕەنگــە گۆڕان بــە جۆرێک ڕووبــدات، کە خواســتی لە ســەر بێــت یان نەخشــەی بۆ کێشــرابێت، لە کۆمەڵگاکانی ترەوە وەربگیرێت یان لاســاییان بکرێتەوە، یان ڕەنگە دیاردەکان بدۆزرێنــەوەو تەکنۆلۆجییــەکان دابهێنرێــن. هەروەها ئەو پرۆسانە دەزانین کە گۆڕانیان تێدا بەرپا دەبێت.

گۆڕان لە سەر هەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەرپا دەبێت. کاتێک گۆڕان دروست دەبێت لــە کۆمەڵدا بە ڕواڵەت گۆڕانێک دەبێت لە شێوازی ئاوێتەبوون و کارلێککردندا. ئەوەش، وەک ئەنجامێک بۆ گۆڕان، هەندێک لە ئەندامانی

کۆمەڵ شوێن و پێگەی نوێ  وەردەگرن و ڕۆڵی تازەیان دەبێت. بۆ نموونە، هەڵوەشـــاندنەوەی کۆیلایەتی گۆڕانێکـــی کۆمەڵایەتی بوو، چونکە حاڵەتێکی نوێی دا بە کۆیلایەتی جاران ــ ئەویش ئازادی بوو ــ کە تێیـــدا بوون بە خاوەنی ڕۆڵی نوێ بە یەکسانی، لەگەڵ خەڵکە ئازادەکانی تر. ئەم جۆرەی گۆڕان، کە گۆڕانی کۆمەڵایەتییە لە ڕێگەی نەخشـــەدانان و ڕیفۆرم یان شۆڕشـــەوە ڕوودەدات.

لە لایەکی ترەوە، گۆڕانی فەرهەنگی بە هۆی دۆزراوە زانستییەکان و داهێنانە تەکنۆلۆجییەکان و کارە ئەنجامـــدراوە نوێکانی هونەرو گۆڕانکاری لـــە ڕێبازە ئاینیەکان و شـــتی لەم چەشـــنەوە دێتە ئاراوە. لە شارســـتانێتی ڕۆژئاوادا گۆڕانی دراماتیکـــی لـــە بـــواری کولتـــوورو فەرهەنگدا ڕوویداوە: ئەو باوەڕەی کە پاساوی بۆ کۆیلایەتی دەهێنایەوە جێگەی بۆ ئەو باوەڕە چۆڵکرد کەوا کارێکی دزێوە، ئەو گریمانەی کە وایدانابوو زەوی تەختـــە جێگەی بـــۆ ئـــەو دۆزینەوەیە چۆڵکرد کە ســـەلماندی زەوی خڕە، داهێنانی ئوتومبێل گۆڕانکاریی خستە شێوازی ژیانەوەو کاری کردە ســـەر یاساو ڕێسای زایەندی و نەریتی خێزانی و تێگەیشتنی خەڵک لە دنیا.

بێگومان کۆمەڵگەو فەرهەنگ بێ یەکتر نابن. گۆڕانە کۆمەڵایەتـــی و فەرهەنگییەکان بە جیاواز لێکتروبە شێوەیەکی تایبەتی پەیدا نابن. گۆڕانەکان لە کۆمەڵـــدا دەبنە هۆی گۆڕان لـــە فەرهەنگداو پێچەوانەکەشـــی ڕاســـتە. گۆڕانە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لە یەک کاتدا ڕوودەدەن، و تەنها بۆ مەبەســـتی شـــیکردنەوە بە جیا دەنوێنرێن. زانا کۆمەڵایەتیەکان تێرمی "گۆڕانی سۆســـیۆ— کولتوور"، یان گۆڕانی سادە بەکاردێنن بۆ ئەوەی واتـــای گۆڕانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پێکەوە بگەیەنێت.

# گۆڕانی کۆمەڵایەتی:
# نەخشەکێشان، ڕیفۆرم، شۆڕش
## Social Change: Planning, Reform, Revolution

پلان دانان پرۆسەیەکی خۆ ڕوونکەرەوەیە کە بەردەوام خەڵک سەرقاڵ دەبن. پلان دانان لە لایەن حکومەتانەوە لە هەموو ئاستێکدا، ئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، ئەگەرچی بە سستیش بڕوات.

"ڕیفۆرم" ئەو هەوڵ و کۆششانە دەگرێتەوە کە هاووڵاتیان یان دەزگا حکومەتیەکان ئەنجامیدەدەن بۆ ڕاستکردنەوەی یاسا و دام و دەزگاکان.

"شۆڕش" ئەو گۆڕانەیە کە بە هۆکاری توندوتیژی لە لایەن خەڵکی وڵاتێکەوە ئەنجامدەدرێت، کاتێک کە حکومەتەکەیان ئیجابی نابێت لە بەرانبەریاندا.

# گۆڕانی فەرهەنگی یان کولتووری: داهێنان و بڵاوبوونەوە

# Cultural Change: Innovation and Diffusion

لەبەرئەوەی خەڵک ڕاهاتووی عادەتن بۆیە موحافزکارن و بە ئاسانی دەست لە ڕاوبۆچوون، بەهاونەریتیان بەرنادەن ـ واتە بوارەکانی فەرهەنگی نامادی ـ لە پێناوی ئەوانەی کە تازەن. بەهەرحاڵ هەندێ گۆڕانی فەرهەنگی پێویست دەکات وازی لێبهێنرێت یان ئاڵوگۆڕی پێبکرێت و تازە جێی کۆنەکە بگرێتەوە. پرۆسەی گۆڕانی کولتووری داهێنان و بڵاوبوونەوە دەگرێتەوە.

داهێنان یان نوێکردنەوە: داهێنان توخمە نوێیەکان یان پێکهاتە نوێیەکانی توخمە کۆنەکان بەرهەمدێنێت، بۆ ئەوەی کولتوور یان فەرهەنگ بیگرێتەخۆی، هەروەها داهێنان

هەمیشـــە کەڵەکە بووە. لە کاتێکــدا کە ئێمە قسە لە ســـەر موزیک، وێنەکێشـــان، یان دوا تەکنۆلۆجیای بۆشایی ئاسمان دەکەین، ئەوانە هەموو لەو دامەزراوەیەدا بنیاتنراون کە پێشتر دروســـتبووە. داهێنان یان نوێکردنەوە دەکرێت فۆرمی دۆزراوە یان داهێنانێک وەربگرێت.

"دۆزراوە" ســـەرنج و تێبینییەکـــی نوێیە بۆ ڕاستی پەیوەندییەکی ئامادەی ئێستا. بنەماکانی فیزیاو کیمیا، ڕێکخراوی سیستەمی وزەی خۆر، بوونی ڤایرۆس و بەکتریا نموونەی دۆزراوەکانن. دیاردەکانیش هاوشانی ئەو شتانەن، بەڵام مرۆڤ ئاگای لە بوونیان نەبووە. سەبارەت بە دۆزراوەو کاریگەریی لە ســـەر گـــۆڕان لـــە بەکارهێناندا دەردەکەوێـــت ـ هەروەهـــا دەبێـــت داهێنانی تەکنۆلۆجیی تر پشتگیریی بکات و پێویستیی بە دۆزینەوە دەبێت ئامادە بێت. بنەمای مەکینەی هەڵـــم دوو هەزار ســـاڵێک لەمەوپێش لە لایەن گریکەکانەوە زانراوە، بەڵام ئەوان پێویستیان بە مەکینەیەکی لـــەو جۆرە نەبووەو تەکنۆلۆجیای پێویستیشیان نەبووە بۆ دروستکردنی.

"داهێنـــان" هۆکارێکە بۆ ئـــەوەی زانیاریی بەردەســـت بخرێتە بـــواری کارپێکردنی نوێوە. ئایدیـــاو بابەتەکانـــی لەوکاتەدا ئامـــادەن، لە

فەرهەنگدا بــە ڕێگەیەکی نوێ یەکیان گرتووە، بۆ بەرهەمهێنانی شتێک کەوا گرنگترە لە کۆی بەشــەکانیان. کاتێک مەکینــەی هەڵم، لەگەڵ کەشــتیدا لێکدرا کەشــتی هەڵمی لێ بەرهەم هات و ئەم بەرهەمە تازەیە بوو، بە شێوەیەکی کاریگەرتری گواستنەوە لەو کەشتییانەی پێشتر بە ســەوڵ لێدان کاریان دەکرد، یان چارۆکەدار بــوون. هەروەهــا داهێنــان لــە فەرهەنگــی نامادیشــدا ڕوویــدەدا. ڕەنگــە دەســتووری ویلایەتــە یەکگرتووەکان وای بیــر لێبکرێتەوە کــە داهێنانێکی فەرهەنگی بێــت و لە نەریتی فەلسەفیی ئەوروپای ڕۆژئاواو ئەزموونی کۆلۆنی دروســتکەرەکانی جیهانی نوێوە ســەرچاوەی گرتبێت.

بڵاوبوونەوە: پرۆسێسێکە کە تێیدا مۆرکی فەرهەنگیی لــە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر بڵاودەبێتەوە، یان لە گرووپێکی ناو کۆمەڵگەوە بۆ یەکێکی تــر. بڵاوبوونەوە فاکتەرێکی گرنگە لــە گۆڕانی فەرهەنگدا. بــۆ نموونە، کۆچبەرە ئیتاڵییەکان ماکەرۆنەیان لە چینەوە وەرگرتووەو ئەمڕۆ پاستا بە کێکی سێوی ئەمریکی لە قەڵەم دەدرێــت و (لە هەمــان کاتیشــدا حاڵەتێکی جەمــاوەری وەرگرتووە، لەگەڵــێ وڵاتی تردا).

ئەنترۆپۆلۆجیستەکان ئیدیعای ئەوە دەکەن، کە زۆربەی ڕەهەندەکانی فەرهەنگێکی ئاڵۆز بەرهەمی بڵاوبوونەوەیە.

بڵاوبوونەوە بەلای ئاڵگۆڕدا دایدەشکێنێت کەوا هەر فەرهەنگ یان کولتوورێک بە گرێدان لەگەڵ یەکێکی تردا شتێک دەداتە ئەویتر، هەرچەندە هەمیشە بە هەمان ئاست و ڕێژە نابێت. فەرهەنگێکی سادە، وەک بنەمایەک، توخمی زیاتر وەردەگرێت لە فەرهەنگێکی فرە مەوداو وەرگرتنی فەرهەنگ بە عادەت شتێکی ئیتیقائییە. کۆمەڵگە ئاسیاییەکان بە گشتی تەکنۆلۆجیای ڕۆژئاوایی وەردەگرێت (لەگەڵ فاشن و میوزیک و خۆراک) بەڵام تەنها وەرگرتنی لە سەرخۆو خاوە بۆ سیستەمی بەهاکان. ئەمریکییەکان ئایدیای حکومەتی نوێنەرانیان لە ئینگلتەرا خواستووە، بەڵام شێوازێکی پەرلەمانتارییان نەداوەتێ. ئەو مۆرکەی کەوا کۆمەڵگەیەک دەیخوازێت زیاتر بەو لایەدا دەشکێتەوە کە بە دەسکاری کردنەوە بێت وەک لەوەی بە تەواوی وەربگیرێت.

# سەرچاوەکانی گۆڕان
## The Sources of Change

چی دەست بە گۆڕان دەکات؟ شوێنکەوتنی سەرچاوەکانی گۆڕان بووە بە کێشە دروستکەر بۆ زانا کۆمەڵایەتییەکان کە پەرەیان بە ژمارەیەک تیــۆری و مۆدێــل داوە بــۆ ڕوونکردنــەوەی. بەهەرحاڵ ســـەرچاوەی ڕوونی زیاتریش هەیە، بۆ گۆڕان.

# ژینگەی سروشتی
## The physical Environment

ژینگەی سروشتی، کەوا خەڵک کۆنترۆڵی کەمی هەیە بۆی، گەشەکردنی فەرهەنگیی و پێکهاتەی کۆمەڵگەیەک ئاڕاستە دەکات. هەروەها گەشە بە هەندێک گۆڕان دەدات و هەندێکیش ســنووردار

دەکات. زەمیـــن لەرزە، تەقینـــەوەو هەڵچوونی گڕکانەکان و لافاوی چەند بارە، وشکەســاڵیی ســـەخت و دیاردەی تری لەو چەشنە ڕەنگە بە شێوەیەکی کاریگەرانە ژیانی خەڵکی ناوچەیەک بگــۆڕن و هەندێ جاریش هەموویـــان پێکەوە ڕادەماڵێت.

ـ **جوگرافیـــا:** لە ڕابردوودا جوگرافیا ڕۆڵێکی بەکلاکەرەوەی بینی، چونکە گۆڕان بە خێرایی زیاتـــرو بە گونجاویی زیاتر لـــەو کۆمەڵگایانەدا ڕوودەدات کـــەوا لـــەڕووی جوگرافییـــەوە لـــە دووڕێیاندان، کە هەر کۆمەڵگەیەک بەرکەوتووی فەرهەنگ و کولتووری ئەویترە. بەپێچەوانەوە، گۆڕانی کەم ڕوویداوە لەو کۆمەڵگایانەی کەوا لە ڕووی جوگرافییـــەوە لەوانی تر دابڕاون، چونکە دەرفەتی زۆر کەمـــی بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی دەبێت.

ـ **دانیشـــتووان:** بزووتنەوەی دانیشـــتوان، چەشـــنی زیادبـــوون و کەمبوون لـــە قەبارەی دانیشتواندا دیسان بە سەرچاوەگەلی گۆڕان لە قەڵـــەم دەدرێن. ڕێژەی زیادبوونی منداڵ کە بە دوای جەنگی جیهانی دووەمدا هات، پێویســـتی بە دروســـتکردنی گەلێ قوتابخانەو پەرەپێدانی پیشەسازیی ئاڕاستەکردنی لاوان هەبوو. هەمان

ئەم نەوەیە ئەمڕۆ داواکاریی تایبەتیان هەیە، بۆ کار و نیشتەجێبوون و لە داهاتوودا کۆمەڵگە بار دەکات بە خەڵکی بە تەمەن و دەرەنجامی خراپی سەرجەمی کۆمەڵ دەگرێتەوە.

**- سیستەمەکانی ئایدیا یان بیروباوەڕ:**
سەرچاوەیەکی تری گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە بەندە بە سیستەمەکانی ئایدیا یان بیروباوەڕ پێیدەوترێت ئایدیۆلۆجی. شۆڕشی ئەمریکی میکانیزمێکی هەڵگیرسێنەر بوو بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بە هۆی ئەو ئایدیاوە شەڕی کرد، کە دەبوو ئەمریکییەکان سەربەخۆیی خۆیان لە ئینگلتەرا بەدەستبێننەوەو دەرکەوتنی ئەم ئایدیایە بەو هۆیەوە بوو، کە سەربەخۆیی لە ئینگلتەرا سەغڵەتییەکی ئابووری بووە.

**- بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان: سیستەمەکانی** ئایدیۆلۆجی و بیروباوەڕ بە زۆری تێکەڵی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بوون، کە شێوەو فۆرمێکی ڕەفتاری کۆمەڵایەتییە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ژمارەیەک خەڵک بەکێش دەکەن، کە پێکەوە بچنە پاڵ هاتنەئارا یان بەرهەڵستی گۆڕانە کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگییە تایبەتەکان بن. ئەوان نوێنەرایەتیی هەوڵێکن لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگایەکەوە بۆ کارکردنە

سـەر ڕێسـای کۆمەڵایەتی، لە ڕێگـەی کاری ڕاستەوخۆوە.

- **جەنـگ و داگیرکاری:** بـە درێژایی مێژووی ڕەگەزی مرۆڤایەتی، زۆربەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕوویـداوە وەک ئەنجامێک بۆ جەنگـەکان، کە داگیرکردنـی ناوچەیەکیـان لێدەکەوێتەوە یان لەدەسـتدانی. کارەسـاتەکانی جەنـگ دەکرێ کاریگەریی قووڵیان لە سەر دانیشتوان هەبێت. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە تەنها لە جەنگی جیهانی دووەمدا نزیکەی حەڤدە ملیۆن سەربازو سی و چوار ملیۆن خەڵکی سڤیل مردوون، ئەوە ڕووندەبێتەوە کەوا کۆمەڵگایەک تووشـی هەڵدێر یان دابەزین بووبێت لە ژمارەی دانیشتوواندا هاوتایی تێکدەدا بۆ چەندین نەوەی دواتر. ئەڵبەتە شتی دیاریکراو هەیە کە گۆڕان دروست بکات لە سیستەمی ئابووریدا بـۆ چەند پیاوێکی کەم لە هێـزی کاردا لەوانەیە مانای کەمیی یان کورتهێنانی کرێکار بگەیەنێت. کورتهێنان بە ڕۆڵی خۆی ڕەنگە ژنان بکێشـێتە نێو هێزی کارەوە کە دەرەنجامێکی ڕێکخستنەوەی نەریت و بەهاکانە. هەروەها جەنگەکان پێویستیی دروسـتکردنی بەرهەمی تایبەت دەهێننە ئاراوە چەشـنی ـ چەک، هۆکاری گواسـتنەوەو شتی لەم چەشـنە. بەم ڕەنگە کارگەی نوێ دروست

دەكرێن و هەمدیس گەشـــەكردنی ئابووری خێرا دەكات. دۆڕاوەكانـــی جەنگ ڕووبەڕووی گۆڕانی تر دەبنەوە وەک ســـەپاندنی دەستوورو ڕێسای بێگانـــەو زمانێكی بێگانە و جموجۆڵی بەزۆر بۆ ناوچەكانی تر و سەپاندنی كۆیلەیەتیی ئابووری لە ڕێگەی باج ســـەندن و كرێكاری كۆیلەوەو بە ڕەهایی لە خراپترین حاڵەتدا مردن كە ڕووداوی جیاكارە.

بێجگە لەوەش بۆ بەجێهێشـــتنی ئاســـەواری هێدمە (تراوما)و هەندێ جار نەســـڕاوە بە ســـەر دەربازبووانەوە، ڕەنگە جەنگ نۆرم وبەهاكانی وڵاتێک بگۆڕێت، لە ڕێگەی پەیوەندی و تێكەڵبوونی زەبر ئامێز بە فەرهەنگەكانی ترەوە. باشترین نموونە لە لایەن ژاپۆنەوەیە، كە پێشتر كۆمەڵگەیەكی داخراو بوو، سەرەتا بە هۆی داگیركردنی سەربازییەوەو لە لایەن هێزەكانی ئەمریكاوە كەوتە لەخۆگرتنی نۆرم و پێوەرە ئەمریكییەكان. لە كۆتاییدا جەنگ توانی دەرەنجامـــی توندو زیادەڕۆ بەرپا بكات. بەســـەر بونیادی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگەوەو بە شێوەیەكی تایبەتمەند دام و دەزگاكانەوە. گەشەكردنی زانكۆ گەورەكانی توێژینەوە لە ویلایەتە یەكگرتووەكاندا ئـــەو ڕاســـتییەی بەدواداهات كـــەوا یەكێتیی ســـۆڤییێت بوو بە یەكەم وڵات لە بواری مانگی

دەستکردا. گەشـــەکردنی حکومەتی ناوەندی لە سەر حیســـابی حکومەتە لۆکاڵەکان دیسان پەیوەندی بەو ڕاستییەوە هەیە کە دابینکردنی بەرگریی و ئاسایشـــی نیشـــتمانی پێویستی بە بیرۆکراتییەتێکـــی گەورەو دەســـەڵاتێکی باج سەندنی بەرفراوان هەیە.

- **ڕووداوی هەڕەمەکـــی:** ڕووداوی هەڕەمەکـــی و کاروکـــردەوەی تاکەکەســـیی مرۆڤیـــش دەبنە هۆی گۆڕان هەرچەندە ناتوانرێت ئەم دیاردەیە بخرێتە بەر لێکۆڵینەوەی زانستی. تیرۆرکردنی سەرۆک کۆمارێک دەبێتە هۆی ئەوەی جێگرێکی ســـەرۆک دەســـتی لە جڵەوی دەســـەڵات گیر بکات و دەرەنجامـــی دراماتیکیی لێبکەوێتەوە، بەهەمان شێوەی هەڵســـەنگاندنی جەنەراڵێک کە شـــەڕێکی بەرچاوی دۆڕاندبێـــت. هەروەها تاکەکەســـانیش دەتوانـــن کاریگەریی قووڵ لە ســـەر ڕووداوەکان بەجێبێڵن لە کۆمەڵگایەکدا، ئەگەرچی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی تاکێک، لە سەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی هێند ئاسان نیە.

# تەکنۆلۆجیا
## Technology

ڕوونترین سەرچاوەی شۆڕشگێڕیی گۆڕان بە درێژایی مێژوو تەکنۆلۆجیایە. "تەکنۆلۆجیا" هەموو ئەو میتۆدو ئامراز و کەرەستانە دەگرێتەوە کە لەلایەن مرۆڤەوە دروستکراون و یارمەتیی خەڵک دەدەن بۆ بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی ژینگەو دەوروبەریان. بۆ مرۆڤی پێش مێژوو تەکنۆلۆجیا بریتیبوو، لە بەکارهێنانی دار و بەردی تیژکراو. بۆ خەڵکی هاوچەرخ تەکنۆلۆجیا هەموو شت دەگرێتەوە، لە دەمە خاکەنازێکی سادەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی مۆدێرن.

هەندێ دۆزراوە یان داهێنانی تەکنۆلۆجی لە هەلومەرجی گۆڕانە سۆسیۆ ـ کولتوورییەکاندا هێند بایەخداربوون کە بە شۆڕشی تەکنۆلۆجی ناوبراون. یەک لەو شۆڕشانە لە چەرخی بەردینی نوێدا (نیۆلیتیک) بەرپابووە (نێوان ٣ ـ ٥ هەزار پێش زاین). لەم چەرخەدا، بۆ یەکەمجار لە

مێژوودا، خەڵک بارودۆخی ژیانی خۆیان گۆڕی لە کۆکردنەوەی خۆراکەوە بۆ بەرهەمهێنانی خۆراک و هەندێ ئاژەڵیان ڕامکردووەو بەکاریانهێناون. ئەوان گاسنیان داهێناوەو ئامێری هاتوچۆی چوارپێچکەیان بەکارهێناوە. دواتر ڕۆژژمێری هەتاوی و نووسین و ژمارەو بەکارهێنانی برۆنزیان خستووەتە سەر. دواجاریش ئاودێری و کەشتیی چارۆکەدارو جۆلایی و خشت دروستکردن و ڕووپۆش کردن بە شووشەو دواتریش داهێنانێکی گەورەی تەلارسازی کە کەوانە بووە.

# ئەنجامەکانی یەکەم شۆڕشی تەکنۆلۆجی

## Results of the First Technological Revolution

کێڵانــــی زەوی و بەخێوکردنـــی گەلە ئاژەڵ خۆراکێکی باشی بۆ مرۆڤ دابین کردووە و بگرە هەندێ جار زیادەو پاشەکەوتیشـــی بووەو ئەمە جۆرە ســـەربەخۆیی و پشـــت بەخۆبەستنێکی بۆ ڕەخســـاندووە. ئەوجـــا وەک ئەنجامێک بۆ ئەوەی کە ڕێژەی برســـێتی و لە بەرســـا مردن بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە ژمارەی خەڵک زیـــادی کردووەو لەبەرئـــەوەی خەڵکەکە چیتر پێویستیان بەوە نەبووە بەدوای خۆراکدا بگەڕێن بۆیە بە شـــێوەیەکی هەمیشـــە لە شـــوێنێکدا نیشتەجێبوون.

پاشـــان نیشـــتەجێبوون هاوزەمـــان بووە، لەگـــەڵ پێشـــکەوتن و گەشـــەکردنی دەزگاییدا

چەشـــنی ئـــەوەی کە داب و نەریـــت لە خێزاندا بەرجەســـتە بووە، لەگەڵ بەرجەستەبوونی ئاین، خوێندن و فێربوون، حکومەت و ئابووری. بەپێی چەرخ و زەمان، ئەم دەزگا تەوەر ئاساییانە هەموو گەشـــەیان کردووەو ئاڵۆز و فرە مـــەودا بوون. ئەوجا نیشـــتەجێ کاتییەکانیش بوون بە گوندو شارۆچکەی هەمیشـــەیی. ئەو ئیش و کارەی کە دەبوو لەم گوندو شارۆچکانەدا بکرێت لە پێناوی کەفائەت و کارامەیی زیاتردا دابەش بوو. شمەک و کاڵاو خزمەتگـــوزاری بوون بەوەی کە لە نێوان ژمارەیەک گوندو شـــاردا ئاڵوگۆڕیان پێبکرێت و ڕێگـــەو جێگەی نوێ کەڵەکە بوون. هەندێ گوند پەرەیان ســـەندو بوون بە شارۆچکەو پاشانیش شارو دواجاریش بوون بە شار ـ دەوڵەت و، وڵات یان نیشتمان ـ دەوڵەت.

ئاینـــەکان پێشـــکەوتنیان بەخـــۆوە بینی و لە باوەڕکردن بە ســـیحرو جادووەوە بۆ شـــێوەی باڵاتـــرو لەوانە بـــاوەڕداری بە یـــەک خواوەند. هەروەهـــا خێزانیش بە ژمارەیەک گۆڕاندا تێپەڕی و شـــێوەی جۆراوجۆری وەرگـــرت، لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا.

# شۆڕشی پیشەسازی
# The Industrial Revolution

لە نزیکەی ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمدا شۆڕشێکی تەکنۆلۆجیی نوێ بازنەیەکی تری گۆڕانی دەستپێکرد، ئەگەر چی شۆڕشی پیشەسازی لە ڕاستیدا ڕەگی دەگەڕایەوە بۆ ڕووداوی زۆر لەپێشتر.

# داهێنان و دۆزراوەکانی شۆڕشی پیشەسازی
# Inventions and Discoveries of the Industrial Revolution

پێدەچێت شۆڕشی پیشەسازی، لەگەڵ ئەم خاڵانەی خوارەوەدا دەستی پێکردبێت (١) داهێنانی ژمارەیەکی بچووکی مەکینەی

بنەڕەتیـــی، (٢) داهێنان و دۆزینەوەی هەندێ کەرەســـتەو مەتیریاڵی نوێ، (٣) دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێی وزە. کاریگەریی مەودا فراوانی ئەم داهێنان و دۆزراوانەو لەوانە بە ئامێر کردنی کشـــتوکاڵ و پیشەسازی و بەکارهێنانی وزە لە پیشەسازیداو گەشەکردنی سیستەمێکی کارگەو زیادبوونی قەبەی خێرایی گواستنەوەو گەیاندن و گۆڕانی دراماتیکی لە سیستەمە ئابوورییەکاندا.

لە نێـــو بایەخدارترین ئەو ماشـــێنانەی لە میانەی یەکەم قۆناخی شۆڕشـــی پیشەسازیدا داهێنـــران کاتژمێری زەمبەلەکـــدار (پەندۆڵ)، مەکـــۆی جۆلایی، کوورەی تواندنەوە، مەکینەی هەڵم. لە میانەی قۆناخی دووەمدا کە پێدەچێت لە نزیکەی ساڵانی ١٨٦٠ دا دەستی پێکردبێت، گرنگتریـــن داهێنان مەکینەی ســـووتاندن بوو کە وزەی هەڵمی خســـتە بواری بەرهەمهێنانی مەکینـــەی کارگە و گواســـتنەوەوە. پۆلا جێی ئاســـنی گرتەوە وەک ماتیریاڵێکی بنەڕەتی بۆ پیشەسازی و گاز و نەوت وەک سەرچاوەیەکی ســـەرەکیی وزە جێی قیریان گرتـــەوە (ئێمە ئێســـتا لە هەوڵداین بـــۆ جڵەوکردنـــی وزەی ئەتۆم وەک سەرچاوەیەکی وزە). ئێستا کارەبا بووەتە شێوەی ســـەرەکی وزەی پیشەسازی و

بەرفراوانبوونی بەکارهێنای وزەی کارەبا وایکردووە نامـــەو پەیام بە تەل و تەلەگـــراف و تەلەفۆندا بنێردرێـــت و کاتی زۆرتـــری داوە بە خەڵک بۆ کارکردن بە دابینکردنی ڕووناکی لە سەعاتەکانی شـــەوداو کارەبا دابین دەکات، بـــۆ تۆربابن و ئەسانســـۆرەکان و بەم چەشـــنە هەوربڕەکان دروســـتکراون. هەروەها لەم چەرخەدا کیمیاش گەشـــەکردنی بەخۆوە بینیوەو بواری بۆ خەڵک ڕەخســـاندووە کە ئەو کاڵاو بەرهەمانە دروست بکەن کەوا بە شـــێوەیەکی ئاسایی لە سروشتدا نەبـــوون، چەشـــنی مـــادە پیترۆکیمیاییەکان، پێکهاتـــە کیمیاییەکان و پلاســـتیک. قۆناخی ســـێیەم ـ کەوا بە بۆچوونی هەندێک سەرەتای ڕاستەقینەی شۆڕشێکی تەکنۆلۆجیی نوێیە بە ئۆتۆماتیک بوون دەستی پێکرد، کە لە ساڵانی ١٩٣٠ کانەوە پەرەیســـەندووە. بە شـــێوەیەکی بنەڕەتی ئەمە پرۆسێسێکە کەوا ئامێر کۆنترۆڵی ئامێـــری تر دەکات، و جیـــاوازە لە بە مەکینە یـــان ئامێربوون، کە بریتییە لـــە جێگرتنەوەی ئامێر لەبری هێزی ماسوولکەی مرۆڤ و ئاژەڵ. هەروەها کۆمپیوتەریش بەرپرسە لە تەقینەوەی زانیارییەکان کە لـــە ڕووی پراکتیکەوە توانای هەڵگرتن و بەدەســـتهێنانی زانیاریی لەم بیست

ساڵەی دواییەدا دووجاران کردووەتەوە.

سێیەم شۆڕشی تەکنۆلۆجی هێشتا لە قۆناخی کۆرپەییدایەو دەکرێت، لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی بیست و یەکدا پێبگات و کامڵ ببێت. ئەم شۆڕشە بریتییە لە لێکدانی کۆمپیوتەرو تێلیکۆمیونیکەیشن (وێنەی تەلەفزیۆن، دەنگی تەلەفۆن، داتای زانیاری، کۆپیی وێنەی تێکست) بۆ تاک سیستەمێک کە دەمانباتە نێو کۆمەڵگەی دنیایەکی ڕاستەقینە.

# پیشەسازی
## Industrialism

ئەو سیستەمی بەرهەمهێنانەی پێیدەوترێت پیشەسـازی جیابوونەوەیەکـی ڕادیکاڵـی دەگەیەنێت، لەمیتۆدەکانی پێشووی دروستکردنی کاڵاو شمەک. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پیشەگەر یان وەسـتاکان لە سەندیکای پیشەییدا خۆیان ڕێکخسـتبوو (کە شـێوەیەکی تایبەت بوو بە سـەدەکانی ناوەڕاسـت)و بابەتێکی تەواویان بەرهەم دەهێناو ڕاسـتەوخۆ دەیانفرۆشتەوە بە کڕیار. بەڵام کە بازرگانی پەرەیسـەند هەندێک لەو وەسـتایانە پەنایان بردە بەر بازرگانەکان بۆ سـاغکردنەوەی کاڵاکانیان زیاتر لەوەی کە چاوەڕێـی مەعمیلەکانیان بکەن بێنە دوکان بۆ لایـان. دواجار پیشـەگەرەکان کەوتنە ئەوەی پشت بە بازرگانەکان ببەستن بۆ وەگەڕخستنی تەواوی خێزانەکان بۆ بەرهەمهێنانی بابەتەکان، لـە کەرەسـتەی خاو یـان مەتیریاڵـە تەواو

نەکــراوەکان و بە پێی پارچــە کرێیان بدەنێ. ئەم سیســـتەمە ناونرا سیســـتەمی کارکردن بە پارچـــەی ناوماڵ. سیســـتەمی پارچـــە بوو بە بناغەی پیشەسازیی خوریی ئینگلیزی. خێزانە جووتیارەکان دەسکەوتی کەمیان بە ڕستنی ئەو خورییـــە زیاد دەکرد کە بازرگانەکان دەیانبردە کۆڵیتەکانیان (لێرەوە ناوەکە بوو بە پیشەسازیی زنج یان کۆڵیت). دواتر سیستەمی پارچە وردە وردە تـــا دەهـــات تایبەتمەندیـــی وەردەگرت، بەو پێیەی تا دەهات کەرەســـتەو بابەتی زیاد بەرهەم دەهات. بەرهەمهێنانی بابەتێک دابەش دەکرا بە ســـەر گەلێ هەنگاو یان قۆناخدا کەوا ئەندامانی خێزان یان شـــاگردەکان بە ئاســـانی ئەنجامیاندەدا. تایەتمەندی و دابەشـــبوونی کار بە شێوەیەکی تایبەت شێوازێکی کارامە بوو، بۆ ڕێکخستنی بەرهەم.

**ـ کارگــە The Factory**: بـــە داهێنـــان و گەشـــەکردنی بەکارهێنانی مەکینـــەو ئامێر لە پیشەســـازیدا زیاتـــر قەناعەت بـــەوە پەیداکرا کـــەوا کرێـــکاران و ئامێرە زل و قەبـــەکان لە ژێر یەک ســـاپیتەدا جێبکرێنەوە. ئەم هەنگاوە دەستپێکردنی سیســـتەمی کارگەی گەلاڵە کرد وەک بنەمای پیشەسازی Industrialism.

بازرگانەکانی پێشتر ــ کە لەم دەمەدا پێیان دەوترا بەڵێندەر یان خــاوەن کار ــ کۆنترۆڵی زیاتــری کرێکارەکانیان دەکــرد کاتێک هەموو قۆناخەکانــی بەرهەمهێنــان لە یەک شــوێندا جێکرایەوە، چونکە لێرەوە دەیانتوانی چاودێریی کرێکارەکانیان بکەن و دەیانتوانی سەرمایەکانیان بە شێوەیەکی زۆر کاریگەرانە بەکاربێنن کاتێک کە هەموو پێداویستییەکی بەرهەمهێنان لە ژێر ڕکێفیاندا بوو.

شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیاوە گەیشتە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەداو لە ناوەڕاســتی ئەو سەدەیەشــدا لە ئەوروپای ڕۆژئــاوادا بڵاوبوەوەو، لــە کۆتایی سەدەشــدا لە ژاپۆن. لە پاش شۆڕشی ڕووسیا لە ســاڵی ١٩١٧ دا، ئەو وڵاتەش دەستی کرد بە کۆششێکی جیددی لە بواری بە پیشەسازی بوونداو بەدوایدا چین و هندســتان و ئەمریکای باشووریش هاتن.

# تەكنۆلۆجیاو گۆڕانی كۆمەڵایەتی
# Technology and Social Change

تەكنۆلۆجیا بەوەش پێناسە دەكرێت، كە پیادەكردنی پراكتیكی زانیاری بێت، چونكە لە سەر ئەو زانیاریانەی هەیەو تەكنۆلۆجیای پێشتر بنیاتنراوە. بەو پێیە هەر كۆمەڵگەیەك لە ڕووی تەكنۆلۆجییەوە پێشكەوتووتر بێت، پێشكەوتنی تەكنۆلۆجیی خێراتر دەبێت. ئەڵبەتە پێویست ناكات، بڵێی پەرەسەندنی تەكنۆلۆجیا دەبێتە هۆی گۆڕان و پەرەسەندنی خێراتر گۆڕان خێراتر دەكات. تەكنۆلۆجیا بریتییە لە پاڵپشتی كردنی سیستەمی ئابووریی كۆمەڵگەیەك و چەند پێشكەوتووتر بێت، هێند ئەو ئابوورییە پێشكەوتووترە وەك سیستەمێك بۆ دروستكردنی سامان. سیستەمی پیشەسازی سامان بە كۆبەرهەمی ملیۆنان بابەتی هاوشێوە

دروســـت دەکات. ئەم میتـــۆدی بەرهەمهێنانە پیشەســـازی تواناداردەکات، بۆ بەرهەمهێنانی هەرزانـــی شـــمەک و قازانج لـــەوە دەکات، کە بیانفرۆشێتە گەورەترین بازاڕی ڕەخساو. ئەمڕۆ ئەوەی پێیدەوترا چەرخی دووکەڵکێش وا بەرەو کۆتایی دەڕوات، چونکـــە تەکنۆلۆجیای بنەما کۆمپیوتەر سیســـتەمی پێشـــووی پیشەسازیی بەرهەمهێنـــان پێچەوانە دەکاتـــەوە لە ڕێگەی بەرهەمهێنانـــی کاڵاو خزمەتگوزاریـــی تۆکمەوە لە بـــازاڕە تایبەتمەندەکانـــدا، بێجگە لەوەش، نوێگەری و داهێنان بە شێوەیەکی سەرسامکەر سووڕی ژیانی بەرهەمەکانی کورت کردووەتەوە، بـــە تایبەتی ئەوانـــی تەکنۆلۆجیا خۆی. ژیانی نزیکەی بابەتێکـــی داهێنراو لە پیشەســـازیی کۆمپیوتـــەردا هـــەر نزیکـــەی شـــەش مانگە. بەو خێراییـــەو بەو هێزو توانایـــەوە کە ئەمڕۆ کۆمپیوتەر تێیدایە فرە نابات ئێمە پەیدابوونی ســـوپەر کۆمپیوتەر دەبینین، کە لـــە توانایدا دەبێـــت لە چرکەیەکدا زیاد لە تریلیۆنێک کاری ماتماتیکی ئەنجام بدات. ئەم دیاردە نەشازەی تەکنۆلۆجیـــا زۆر بەخێرایی گەیشـــتووەتە ئەم خاڵەی ئێســـتای: یەکەم کۆمپیوتەری زەبەلاح کە ژوورێکی تەواوی داگیرکردبوو ســـاڵی ١٩٥١

له لایەن بەشی یونیڤاکەوە Univac دروستکرا، کەچی لە کۆتایی ســالآنی ۱۹۷۰ کاندا قەبارەی کۆمپیوتەر بە شێوەیەکی هێجگار سەیر بچووک بووەو بە جۆرێک کەوا کۆمپیوتەری شەخســی بوو بە ڕواڵەتی و ســاڵی ۱۹۸۹ پارچەیەک لە قەبــارەی نینۆکی پەنجە گــەورەدا وەک ئینێڵ ٤٨٦ لە کۆمپیوتەری دێسکتۆپدا چەسپکرا کە تێچووی نزیکەی هەزار دۆلار بوو، بەڵام توانای ئامێرێکی کۆمپیوتەری سالآنی۱۹۷۰ کانی هەیە کە نرخەکەی ئەو کاتە یەک ملیۆن دۆلار بوو.

# مۆدێرنەبوون
# Modernization

گۆڕانــە شــۆڕگێڕییەکان کە لــە چەرخی نوێــدا دەســتیان پێکــردووە، لە ڕۆژئــاواداو بەردەوامن لە پاڵپێوەنانی وڵاتانی نوێ و هێزە کۆڵۆنیاڵەکانــی جاران بــەرەو چوارچێوەیەکی هاوشــێوە پێکهاتــووە، لە ژمارەیەک پرۆســە کە بەســەریەکەوە پێیدەوترێت مۆدێرنەبوون. مۆدێرنەبوون پرۆســەیەکی گشــتگیری گۆڕانی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی و فەرهەنگییەو لەو تەکنۆلۆجیایــەوە ســەرچاوەی گرتــووە کەوا کۆمەڵگــە ڕۆژئاواییەکانــی لــە شــێوازێکی بەرهەمهێنانی پێش پیشەســازییەوە گۆڕیوە بۆ شێوازێکی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و بەردەوام بووە لە کارکردنە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ. هەندێ لە تیۆریســتە کۆمەڵایەتییەکان مۆدێرنیتە وەک بزووتنەوەیــەک دەبینین کەوا هەموو وڵاتانی دنیا کۆدەبنــەوەو دواجار دەبنە

کۆمەڵگای پیشەسازیی مۆدێرن. بەهەرحاڵ، لە کاتێکدا وڵاتانی ڕۆژئاوا نزیکەی دوو سەدو پەنجا ساڵ لەمەوبەر دەستیان کردە مۆدێرن بوون، گەلێ لە وڵاتانی هەژارتر هێشتا هەر لەو پرۆسەیەدان. دەرەنجام ڕێژەی ناڕێکوپێکی مۆدێرن بوون جیاوازیی لە نێوان وڵاتانی دارا و نەداردا دروستکردووە، بەڵام بڵاوبوونەوە لە کۆتاییدا وا لە وڵاتانی دواکەوتوو دەکەن کە پێڕابگەن.

لێکدانەوەو بۆچوونی لۆجیکی ئەوە دەگەیەنێت کە هەر زیادبوونێک لە ڕێژەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیدا زنجیرەیەک دەرەنجامی لێدەکەوێتەوە کە دەبنە هۆی مۆدێرن بوون. بێگومان، وەک پێشتر سەرنجدراوە، گۆڕان هەرگیز مەسەلەی دەستەجەمعی و کۆ نیە، بەڵکو لە پشتی جێگیربوونەوەیەو خەڵک هێشتا لە نێو خێزاندا دەژین، و جارِ لە بیروباوەڕیان دەدەن و ئاهەنگ بۆ ڕووداوە سەرەکیەکانی ژیانیان دەگێڕن و شتی لەم چەشنە، ڕێک وەک پێش ئەوەی مۆدێرنێتە بێتە کایەوە.

# فێری مۆدێرن بوون
## Learning to Be Modern

پرۆسەی بە مۆدێرن بوون پڕە، لە ئەرک و زەحمەتی لە هەموو کۆمەڵگایەکدا. بە تێپەڕبوون لە کشتوکاڵەوە بۆ پیشەسازی، بە مۆدێرن بوون واتای سەپاندنی تەواوی سیستەمێکی نوێی بەرهەمهێنان دەگەیەنێت، بە سەر کۆمەڵگایەکی تاڕادەیەک دابڕاودا کە ئەندامانی تەنها بۆ مانەوە ژیاون (بە ڕاوکردن و خۆراک کۆکردنەوە، بە باخداری و ئاژەڵداری یان بە کشتوکاڵ). لە کاتێکدا کە پیشەسازی سامانی بۆ هەندێک بەرهەمهێناوەو بواری بۆ هەمووان ڕەخساندووە کە تاڕادەیەک باشتر بژین، بەڵام ژمارەیەک لە نەریتەکان و ڕێچکەی نەگۆڕی ژیانی تێکشکاندووە. بە کورتی، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگانەی کەوتوونەتە ژێرباری مۆدێرن بوونەوە گۆڕاوەو شێوەیەکی نوێی ڕێکخستن و ستراکتوور جێی گرتووەتەوە.

بۆ نموونە، لە بەرتانیا کە لە پێشترین وڵاتی پیشەسازییە لە ئەورووپادا، جووتیاروزەوییەندەکان دەبوو فێرببن چۆن ببنە کرێکاری پیشەسازی. ئەوان گواستیانەوە بۆ ناوەندە شارستانیەکان کەوا کارکردنی پیشەسازییان تێدا بوو و لەوێ فێری کارکردن بوون، لە بەرانبەر کرێ و مزدا. هەروەها فێری قوبووڵ کردنی پەیوەندییەکی لاوەکی بوون، لەگەڵ خاوەن کارەکانیاندا و فێری ئەوە بوون بێ پشتیوانیی خێزانێکی گەورە هەڵبکەن، کە لێی بەرپرسیار بوون. ئەڵبەتە هیچکام لەم ئەزموونانەی فێری بووبوون ئاسان نەبوو، و بە خێرایی ڕووی نەدەدا. لە ڕاستیدا، لەبەر ئەوەی زۆر بە سستی ڕوویاندابوو، ئەم شێوازە نوێیانە دەرفەتی ئەوەیان لەڕێدا بوو چوارچێوەی خۆیان وەربگرن. بەم پێیە بەها نوێیەکانی وەک بەهای قازانج، ئەخلاقی کار، ئارەزووی ئەنجامدان، سیستەمەکانی سیاسەتی نوێ و ئابووریی نوێ و تەنانەت تایپی نوێی کەسایەتی لە ئەنجامی میتۆدە جیاوازەکانی بەکۆمەڵایەتی بوون دەرفەتێکیان هەبوو خۆیان، لە نێو جوغزی کۆمەڵگەدا جێ بکەنەوە. لە کۆتاییدا تاکەکان لەگەڵ ڕێسا کۆمەڵایەتییە نوێیەکاندا دەگونجێن، ئەگەرچی گونجانی ئاوها هەرگیز کامڵ و تەواو

نابێت لە هیچ کۆمەڵگایەکدا.

لەو کۆمەڵگایانەدا کە مۆدێرنیزە بوون درەنگ ڕوویداوە تێیاندا، بەڵام بەخێرایی و بەو ڕەنگە بە هۆی بڵاوبوونەوەوە لە جیاتی گەشەکردن و گۆڕانکاری شتەکان کەمتر بێ قۆرت و گرێ ڕۆیشتوون. پشێوی و گرژی خۆیان دەخەنەڕوو، لە هەستکردن بەبێ ڕەگوڕیشەیی و نامۆیی و بەزۆریش توندوتیژی و یەک لە نموونە مۆدێرنەکان کۆڵۆنییەکانی جارانە. ئەم وڵاتانە لە پاش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هەوڵی بە مۆدێرنکردنی ئابوورییان دا بەوپەڕی ئەو خێراییەوە کە توانایان بەسەردا بشکێت. بۆیە بەردەوام ناکۆکی بەرپا دەبوو کاتێ هێزە نەریتییەکان، لەگەڵ هێزەکانی بە مۆدێرنبووندا لە دژایەتی و ململانێدا بوون، (ئێران وێنەی کۆمەڵگەیەکی لەو چەشنەیە).

لە زۆربەی زۆریاندا، هێشتا هەر ناسەقامگیریی سیاسیی گەورە بەردەوامە، کە ماوە نا ماوەیەک هەندێ دەستەو تاقم دەیانەوێت بە کوودەتای سەربازی چارەسەری بکەن و بە ڕووخاندنی پڕ لە توندوتیژی حکومەتی ئێستاو لە هەندێ کۆمەڵگەی تردا بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆریێتی سەربازی لەبری ئەو. لە هەندێ کۆمەڵگەی تردا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان گشتین.

هەندێک ئامانجی ئەوەیـــان هەیە بگەڕێنەوە بۆ مەزنیی پێشـــووی نەتەوە یان وڵات، هەندێکیش جەخت لە ســـەر ئاینەکانی هەزارە دەکەنەوە کە بەڵێنی بەهەشتی پاشەڕۆژ دەدەن، بەڵام هەندێک هێشتا هەر کار بۆ شـــۆڕش دەکەن بە ئامانجی دامەزراندنی سیستەمە کۆمەڵایەتی و ئابوورریيە نوێـــکان یـــان بەکارهێنانی ناســـیۆنالیزم وەک مۆتیڤێک بۆ یەکگرتنی میللەت.

وەک ئەنجامێـــک، بـــە شـــێوەیەکی ڕوو لـــە زیاد هەســـتێکی بەهێز هەیە، لـــە نێو زانا کۆمەڵایەتیەکانـــدا کـــەوا مۆدێلـــی مۆدێرنیزە لەگەڵ هەمـــوو کۆمەڵگەیەکـــدا ناگونجێت. لە ڕاســـتیدا، هەندێک وایبۆدەچن کە پەرەسەندنی وڵاتانـــی تەکنۆلۆجیا پێشـــکەوتوو ڕێگرە، لە چوونەپێشەوەی گەشەکردنی وڵاتان.

# ڕەفتاری بەکۆمەڵ
# Collective Behavior

هەموو ڕۆژێک ڕووخساری ڕەفتاری دەستەجەمعی لە شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە تێماندەڕوانێت: پیاوان و ژنان دەبینین، مشتیان بەرز دەکەنەوە و دروشم دەڵێنەوەو ئیشارەت هەڵدەکەن. لەم چەند دەیەی ڕابردووەدا سەیرمان دەکرد قوتابیان چین دەنگ بۆ دیموکراسی بەرز دەکەنەوە، ئەوروپاییەکانی ڕۆژهەڵات خۆشحاڵ نین بە حکومەتە تازەکانیان، ڕووسەکان حەسرەتی سەخت دەکێشن بۆ باری داتەپیوی ئابوورییان، فەلسەفەکانیشیان لە سەربانەکانەوە بەرد دەهاوێژن یان بۆمبی خۆکوژی دەتەقێننەوە. هەروەها لە ویلایەتە یەکگرتووەکانیشداو لە چەند جار و بۆنەیەکدا بینیمان کە چۆن شەقامی شارە سەرەکییەکانمان لەناکاو تەقییەوەو توندوتیژی گەلێ قوربانیی لێکەوتەوەو چەندین گەڕەک سەرلەبەری بەسەریەکدا تێکدران. هەندێک

جار كە تیمێکی وەرزش سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەستدێنێت هاندەرانی بەرامبەر شەڕ و ئاژاوەی ئەوتۆ بەرپا دەکەن کە ڕەنگە بە مەرگی چەند کەسێک کۆتایی بێت. جەژنە نەریتیەکانی وەک هەڵەوینو فرەجار و لە چەندین شوێن تووڕەبوون و پێکدادانی ئاپۆرەی خەڵکی لێدەکەوێتەوە.

ئەم چەشنە ڕووداوانە تێکدەرو ڕووخێنەرن و نموونەی تێکچوونی شیرازەی مەدەنین و ناجێگیری کۆمەڵگەن. ئەڵبەتە هەموو کۆبوونەوەی گرووپ و تاقمێک لەو چەشنە نیەو بەڵکو چەندین کۆڕ و کۆمەڵ و ئاپۆرەی دڵخۆش هەن لە کۆنسێرتەکان یان یارییەکانی فوتبۆڵداو عەشاماتی دڵفراوان دەبینی، لە کاتی بەجێهێنانی ڕێورەسمی ئاینیداو هەروەها عەشاماتی نیگەران دەبینی کاتێک واتەواتی ئاستەنگی بانکێک بڵاودەبێتەوە. تەنانەت لە کاتێکیشدا کە خەڵک بە شێوەیەکی شەخسی لە کۆڕو کۆمەڵدا کۆنابنەوە، بەڵام دەکەونە جوغزی جۆرێکی تایبەتی لە ڕەفتارو هەڵسوکەوت. ئەمە لەو حاڵەتەدا ڕوودەدات کە نمایشکارانی جلوبەرگ جلەکانیان دەگۆڕن.

هەرچی ئەم کردەوەو ڕەفتارانە هەیە، وگەلێکی تری لەم چەشنەش، بە شێوەیەکی گشتی ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک تێیاندا بەشدارن و

ئـــەوان یان گۆڕان دروســـت دەکەن یان خۆیان دەگۆڕێن. کۆمەڵگا شارســـتانی و پیشەســـازی و پشت پیشەســـازییەکان کە مەیلی بەهێزیان هەیـــە بۆ مۆدێلـــی کۆمەڵگای دەســـتەجەمعی زۆر پێدەچێـــت ئـــەم جۆرەی ڕەفتـــار نمایش بکات، وەک لە کۆمەڵگا ترادیسیۆنەکانی پێش سەردەمی پیشەسازی یان کشتوکاڵی. زاناکانی بواری کۆمەڵایەتی بەم جـــۆرە ڕەفتارە دەڵێن ڕەفتاری بەکۆمەڵ یان ڕەفتارە دەستەجەمعی.

ڕەفتاری بەکۆمـــەڵ زنجیرەیەکی تەواوی ڕەفتـــار و هەڵســـوکەوت دەگرێتەوە کە دەچنە خانەی ناڕۆتینـــەوەو ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک دەگرێتەوە. بە شـــێوەیەکی بایەخدار، ڕەفتاری بەکۆمەڵ جیاوازە لە ڕەفتاری ئاســـایی کەوا بە شـــێوەیەکی عادەتی لە نێو دەســـتەو گرووپە کۆمەڵایەتیەکاندا بەڕێوەدەچێت، هەرچەند بێت ژمارەی ئەو کەســـانەی ئاوێتـــەی هەمان دۆخ و حاڵەت دەبن. وەک لە پێشـــدا (بەشـــدەکات و بـــەو پێیـــە چاوەڕوانکراوە کـــە وێکنەهاتنی گەورەی لێبکەوێتەوە. کاتێک کە خەڵک بە پێی دۆخ و ڕۆڵیان هەڵسوکەوت و پەیوەندی دەکەن و لـــە چوارچێوەی پێوەری سیســـتەمێکدا کەم تا زۆر بەشـــداریی تێدا بکرێت و ئەو ئەنجامەی

لێی دەکەوێتـــەوە وادەکات، ژیان لە کۆمەڵگادا گونجاو بێت. بەڵام کاتێــک کە خەڵک لەناکاو دەکەونـــە نـــاو بارودۆخێکی نائاســـاییەوە کە پێشتر ئەزموونیان لەگەڵی نەبووە، ئەوە خۆیان بێ نۆرمی کۆمەڵایەتی و ڕێبەرێک دەبیننەوە کە پەیڕەویی بکـــەن، و هەروەها بێ پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی پشت پێبەســـتراو. بەو پێیە وەک ئەوە وادەبن کە لاسایی خەڵکی تر بکەنەوە کە خۆیان لە هەمان دۆخدا دەبیننەوە. بۆ نموونە، ئەگەر کەســـێک خەریکی بازارکـــردن بێت، لە کۆمەڵگایەکداو لەناکاو گوێی لە مشـــتەرییەکی تر بێت هاوار دەکات "ئاگر کەوتەوە !"، ئەوە لەو ساتەدا نازانێت چی بکات، و بە شێوەیەکی خۆڕســـک ڕەفتار دەکات و ڕەنگە هەندێ جار نالۆجیکیانـــەو بێئەقڵانەش بێت و وەک کرداری ئەوانیتر بکات، کە لەو ساتەدا لە دەوروپشتین. ئەم جۆرە ڕەفتارە دەچێتە خانەی بەکۆمەڵ یان دەستەجەمعییەوەو زیاتر، لە قەرەباڵغیدا بەرپا دەبێت، کـــە قەرەبالغییەکە زیاتـــر ئاژاوەگێڕو بێســـەروبەر بێت، لە هەندێ حاڵەتی وەرزش و کۆنسێرتی گۆرانی و موزیکدا، یان لە بۆنەی یادی ئایینییدا. هەروەها ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتەش بە دەســـتەجەمعی و بە کۆمەڵ دەزانین کاتێک

خەڵک شـــوێن مۆدەی کورتخایەن دەکەون یان شوێن ڕای گشتی، پڕوپاگەندەو واتەوات دەکەون و کاتێکیش کار بۆ ئەوە دەکەن هەندێ ئامانجی دیاریکراو وەدەســـتبێنن لە ڕێـــگای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

بەهەرحاڵ، سەرباری نەبوونی شێوازی دیاریکراویش دەگمەنە ڕفتار و هەڵســـوکەوتی خەڵـــک پێکهاتەیەکـــی تـــەواوی هەبێـــت لەم حاڵەتانەدا. تەنها کاتێک کە ژیانی تاکە کەسێک هەڕەشـــەی لە سەر دەبێت ئەوە پێدەچێت ئەو کەســـە بە تەواوی بێئاگاییەوە لەوانیتر ڕەفتار بکات. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، تەنانەت کاتێک کە ڕەفتاری بەکۆمەڵیش زیاد دەبێت، ئەو ڕەفتارە بە شێوەیەکی ناتەواو پێکدێت و کۆتاییەکەی بە تەواوی نارێک و شـــێواو دەبێت. ئامادەبووانی کۆنسێرتەکانی ڕۆک بەشێوەیەکی عادەتی و باو پاڵ دەنێن بۆ پێشـــەوەو خۆ هەڵدەدەنە ســـەر شـــانۆو ئامێرەکانی موزیک دەشکێنن. حاڵەتی تر هەن ڕەنگە بە نارێکی و شـــێواوی دەســـت پێبکەن و پاشـــان لە کۆتاییـــدا ڕێکدەبنەوە. گەلێ لـــە بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتییەکان ـ وەک بزووتنەوەی کرێکاری و شـــتی لەو چەشنە ـ لە ســـەرەتاوە هیچ نین لە پرۆتێســـت و ناڕەزایی

دەربڕینـــی ناڕێکوپێــک بەولاوەو دواتـــر ئامانج و مەبەســـت گەڵاڵـــە دەکەن و پاشـــان ڕۆڵی دیاریکراو بە ئەندامەکانیان دەســـپێرن و نۆرم و تەکنیک پەرەپێدەدەن بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی چەشنی گرووپی ڕێکخراو و مۆرک و خاسیەتدار.

گەلـــێ لـــە بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتییـــەکان و ژمارەیەکـــی زۆر لـــە گرووپـــە ئاینییـــەکان و زۆرێکیـــش لە حکومەتەکان لە هەندێ شـــێوەی ڕەفتاری دەستەجەمعییەوە سەرچاوەیان گرتووە. نموونەیەک کە لە ئەمریکییەکانەوە نزیک ویلایەتە یەکگرتووەکان خۆیەتی کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاتێک ژمارەیەکی گەورەی دانیشتووانە نیشتەجێ بووە، کە قەناعەتیان بە حوکمی بەریتانیا نەماو کەوتنـــە هەوڵ و کۆششـــی گۆڕان لـــە ڕێگەی شۆڕشەوە.

# ئاپۆرەی خەڵك
## Crowds

وەک لە سەرەوە باسکراوە، ڕەفتاری بەکۆمەڵ بە زۆری لە حاڵەتی قەرەباڵغیدا ڕوودەدات. ئاپۆرە یان قەرەباڵغیی کۆبوونەوەیەکی کاتی خەڵکە وەک کاردانەوە یان وەڵامدانەوەیەک بۆ هەمان شـــتی وروووژێنەر. ئاپۆرەی شێوەی جۆراوجۆری هەیە و لەوانە: ئاپۆرەی لابەلا کە بریتییە لەو خەڵکانەی بە ڕێکەوت هاتوون، و لە شـــوێنێکی دیاریکراودا کۆبوونەتەوە، وەک ئەوانەی چاوەڕێی تیشـــکی ســـوور دەکەن کە بکوژێتەوەو سەوز هەڵبێت بۆ پەڕینەوە لە شـــەقامێک، ئاپـــۆرەی ڕێکخراو کە بریتییە لە پێکـــەوە هاتن بۆ ڕووداوێکی تایبەت چەشنی کۆنسێرت یان یاریی فوتبۆڵ، ئاپۆرەی ڕا دەربڕیـــن یان کۆبوونەوەی بۆنەو یادی ئاینی، ئاپۆرەی خۆپیشـــاندان بۆ دەربڕینی هەست کە بە عادەت سروشتێکی دوژمنکارانەی هەیە وەک کۆبوونەوەکانـــی ئاژاوەگێڕی و پرۆتێســـتی پڕ توندوتیژی.

هەموو قەرەباڵغی و ئاپۆرەیەک، تەنانەت ئەوانـــەش کە ئاســـایین ڕەنگە پەرە بســـتێنن بەرەو ئاپۆرەیەکی سامناک یان ئاژاوەگێڕ ئەگەر هاندەر یـــان وروووژێنەرێکی ڕاســـت ئامادەگیی هەبێـــت. ئاپۆرەی ڕێکخـــراو زیاتـــر ئامادەیە ڕەفتاری ئاژاوەو بێ ســـەروبەری قوبووڵ بکات. خەڵک لە قەرەباڵغیدا بەلای پەرەسەندن بەرەو میزاجێکی گشـــتیدا دایدەشکێنن. سۆز دەگاتە خاڵێکی بەرز و کۆنســـێرتێکی هاوبەشی ئەوەی کە ڕەفتاری گونجاوی لێبوەشێتەوە. بە زۆریش ڕەفتـــار چاوەڕوان نەکـــراوو دژە کۆمەڵە. وەک ســـەرنج دەدرێت هۆی ئەوەشە کە ئاپۆرە یان قەرەباڵغی نۆرمی دیاریکراوی نیەو بەشێوەیەکی ئاسایی لە زۆربەی شێوەو جۆرەکانی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتـــی دەردەچێـــت و تاکەکەس لە نێو قەرەباڵغییەکەدا بە شێوەیەکی شەخسی ئەوەی تەنیشتی ناناسێت.

لەگـــەڵ ئەوەشـــدا کە ئاپۆرەیـــەک لەوە زیاترە کە کۆبوونەوەی ئەو تاکەکەســـانە بێت کـــەوا پێکیدێنن و (لـــە هـــەر کۆمەڵگەیەکدا مێژوویەکی دووروودرێژ لە ئاپۆرەی پڕ توندوتیژی و ســـەروگوێلاک شکاندن و کوشـــتوبڕ)، بەڵام ســـنووری ئـــەوەش هەیە کـــە ڕەفتـــاری دژە

کۆمەڵ تا کــوێ دەڕوات. ئەڵبەتە بە دەگمەن ئاپۆرە یان قەرەباڵغییەک شــتێک دەکات، کە تاکەکانــی هەر کۆمەڵگایەک نەیانەوێت بکرێت. توندوتیژیی ئاپۆرە بــە دەگمەن گۆترەکارییە، بەڵکو دژ بە کەســێک یان دەزگایەک ئاڕاستە دەکرێت کەوا ڕاوبۆچوون لە بەرانبەریدا ئەوەیە کە ناڕەوا یان ســتەمکار بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئاپۆرەیەکی وێرانکەر تەنها بە شێوەیەکی کاتی دەتوانێت ئــەو کارانە ئەنجام بدات کەوا نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بە توندی ڕەتیاندەکاتەوە.

# جەماوەر
## Masses

ڕەفتاری بەکۆمەڵ لە نێو ئەو خەڵکانەشــدا دروســت دەبێت کە ڕەنگە زۆر لە نزیکەوە نەبن لە ناو قەرەباڵغییەکدا، بەڵام بە شــێوەو ڕێگەی ناڕاســتەوخۆ بەیەکەوە بەستراون. جەماوەر زۆر لە قەرەباڵغی و ئاپۆرە جیاوازترەو ئەمیان زیاتر بەربڵاوەو بە زەرورەت کەســەکانی پێویســت ناکات خۆیان لە هەمان باری فیزیکیدا ببیننەوە. بێجگــە لەوەش، جەمــاوەر ژمارەیەکی گەورەی خەڵکە کەوا کاردانەوەیان بۆ هەمان ســیمبۆڵی هاوبەش هەیە، بۆ نموونە، بینەرانی بەرنامەیەکی تایبەتــی تەلەفزیــۆن جەماوەرێــک پێکدێنن (لۆفلاند،١٩٨١). ڕەفتاری بەکۆمەڵ دەکرێت لە جەماوەردا دروســت ببێت، ڕێک وەک ئەوەی لە ئاپۆرەدا دروســت دەبێت (یان لە هەمان کاتدا لە هەردوکیاندا). ئەڵبەتە ترس و ڕق و خۆشــی دەربڕین بە هەڵچوونەوە ئەو سۆزە بنەڕەتیانەن کە هاندەری هەردوک ئاپۆرەی جەماوەرن.

# ئاژاوەو پشێوی بەرپاکەر
## Mobs and Riots

ئـــەو قەرەباڵغـــی و ئاپۆرەیەی لە دەســـت دەردەچێت و دەداتە لایەنی توندوتیژی پێیدەوترێت ئاژاوەگێڕ. ئاژاوەگێڕان بە تەواوی لەژێر کاریگەریی سۆزدان و ئەو ئامانجە هانیان دەدات کە زیان بە کەس و لایەنێک بگەیەنن و شێوە وێرانکارییەک بەرپا بکەن. ئەمانە بە عادەت ماوەیان کورتە، و لەگەڵ ئەوەشـــدا ســـەرکردەکانیان دەتوانن شـــێت و هاریان بکەن. ڕەفتـــاری ئاژاوەگێڕی باشترین نموونەی، لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ئیعدامکردنـــی کەســـێکە بـــە هەڵواســـین یان ســـووتاندنی تاکێکە لە لایەن گرووپێکەوە کەوا هیچ دەســـەڵاتێکیان نەدراوەتێ ســـزای خەڵک بدەن. بۆ نموونە، حاڵەت هەن کەوا کەســـێک بەستراوەتەوەو بەدوای ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگردا ڕاکێشراوەو کەســـێک فەلاقە کراوەو بەستراوە بە پەرژینێکەوە تا گیانی لە دەســـتداوە لەوێدا

ماوەتـــەوە. ئەو کەســـانەی کە دەستنیشـــان کراون بۆ ئەم جۆرە ســـزایە وا لە قەڵەم دراون کە هەڕەشـــە بن بۆ ئەو دەســـتەو تاقمەی ئەم ئاژاوەو پشێوییەیان ناوەتەوە. ئەمە ڕێبازێکە بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کەوا کەسانی ئاست نزم هەوڵ دەدەن بۆ پاراستنی تواناو دەسەڵاتیان بە سەر گرووپ و تاقمی تردا.

کاتێک کە ئاپۆرەیەکی لە کۆنترۆڵ دەرچوو ئامانجی تایبەتی لە مێشکدا نەبێت، ئەوە دەبێتە ئاژاوەگێـــڕی. توندوتیژی و وێرانکاریش مۆرکی ئاژاوەگێڕییە، بەڵام پلەی بەرزی ســـۆز ئامێزی ئاپۆرە ئاڕاستەی ڕاستەوخۆی نیە. بەهەرحاڵ، ڕەنگە ئاژاوەگێڕی تەنانەت بە ڕووداوی بچووکیش بەرپا ببێت کاتێک کە بەشـــێک لـــە تووڕەیی و ســـکاڵا دێنە ئـــاراوە. ئـــەم تووڕەییە کە بۆ ماوەیەکی زۆر خەفە کراوە لە ژێرەوە دەکوڵێت و توندوتیژییەکی بێسەروبەری لێدەکەوێتەوە دژ بە کەسان و ماڵ و سامان و ئاژاوەگێڕان. تەنها ئەو کاتە جڵەو دەکرێن کە تووڕەبوونیان بەتاڵ دەکەنـــەوە (یان کە پۆلیس کۆنترۆڵی دۆخەکە دەکات). بەم پێیە، ئاژاوە ماوە نا ماوەیەک لە گەڕەکەکانی شارە سەرەکییەکانماندا ڕوودەدات کاتێک کە بەشێک لە دانیشتوانی کەمینە قەتیس

دەکرێـــن بێ ئەوەی هیوایەکـــی زۆریان هەبێت بە پاشـــەڕۆژێکی باشـــتر. هەروەها ئـــاژاوە لە نێوانیشیاندا بەرپا دەبێت، لە بەندیخانەدا کاتێک کـــە بەندییەکان بڕوا بەوە دەهێنن کە مامەڵەی نـــاڕەوا کراون یـــان بەر بارودۆخـــی گوزەرانی خراپ کەوتوون. هەروەها هەندێ جار ســـۆزی قەتیســـکراو تووڕەبوون نیە، بەڵکو ڕەهابوونە لە دەست فشاری دەروونی، وەک لەو حاڵەتەدا ڕوودەدا کاتێک کـــە ئاپۆرەیەکی قوتابیان، بە کەیفخۆشـــییەوە لە گەشتێکی بەهارەدا مەستی مەی دەبن و هەڵبەز و دابەزیان بە چەشنێک لە هەڵکشاندا دەبێت کە وێرانکردنی شمەک و زیان بە خەڵک گەیاندنی لێدەکەوێتەوە.

# واتەوات

## Rumors

واتەوات ڕاپۆرتی پشتگیری نەکراوی ئەو ڕووداوانەن یان پرۆژەی ئەو ڕووداوانەن کە بە زۆری وەک ترس و سام یان ئاژاوە دەستیان پێکردووە. ئەم ڕاپۆرتانە ڕاستیی پشتیان ناگرێت، بەڵام بەردەوام لە بڵاوبوونەوەدان لە ڕێگەی قسەی سەرزارەکییەوە یان لە ڕێگەی ماسمیدیاوە. ڕەنگە واتەوات لەو حاڵەتانەی فشاردا یارمەتیدەر بن کە زانیاریی ورد هێشتا دەردەست نەبووە. هەروەها دەکرێت کارێکی پڕ کارەسات بسەلمێنن، چونکە بەعادەت لانیکەم تاڕادەیەک درۆیە. بۆ قبووڵکردنی واتەواتێک، خەڵک حەزیان بەوەیە ئەوە ببیستن کە خۆیان حەزیان لێیەتی. ئەمە یارمەتییان دەدا پاساو بۆ بەشداربوونیان بکەن، لە هەندێ شێوەی ڕەفتاری ئاپۆرەدا، یان ڕەنگە تەنها دۆخێکی شێواو ڕوون بکاتەوە.

# شێوازو مۆدەو خولیا

## Fashions, Fads and Crazes

شـــێوازو مۆدەو خولیا جـــۆری جیاجیای ڕەفتـــاری بـــە کۆمەڵـــن وجیـــاوازن لەوانەی پێشـــتر باســـکراون، چونکە بە تەواوی کاتی و ئاڕاســـتەکراو نین. شـــێواز هێما بۆ چۆنێتی پۆشاک و تەلارسازی و دیکۆری خانوو دەکات و چەژو بەهاو مۆتیڤ لە کۆمەڵگایەکدا دەخاتەڕوو لە سەردەم و زەمانێکی دیاریکراودا.

ئەمانە شـــێوەی کۆمەڵایەتین کە ژمارەیەکی گەورەی خەڵک لە ماوەیەکی کورتدا پەسەندی دەکەن و بە لایانەوە جوانە. فاشـــن لە زۆربەی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی تـــر جیاوازە، چونکە ڕاگـــوزەرەو بـــەردەوام لـــە گۆڕاندایە. فاشـــن باڵادەســـتییەکی قووڵی هەیە، لە سەر خەڵک لە کۆمەڵگە پیشەسازییە شارستانییەکاندا. بە نەشـــونماکردن و زیادبوونی ماســـمیدیا، فاشن بە خێرایـــی دەگوێزرێتەوە بـــۆ ملیۆنان کەس

له سەرانسەری جیهاندا، بەو پێیە ئەوەی له نیویۆرک و پاریس و میلانۆ دیزاین کراوه چەند هەفتەیەکی دواتر له تۆکیۆ دەفرۆشرێت، له کۆمەڵگه نەریتییەکانیشدا، فاشن به درێژایی چەندین ساڵ زۆر کەم گۆڕانی بەسەردا دێت. هەروەها نیاز و مەبەستی فاشنیش گۆڕانی بەسەردا هاتووه. جل و پۆشاک له ڕابردوودا بۆ جیاکردنەوەی چین و جۆری خەڵک بوو، بۆ نموونه جیاکردنەوەی پیاو له ژن و کەسانی سەر به چینه باڵاکان له چینه نزمەکان و گرووپی کارو پیشەیەک له گرووپێکی تر (لۆفلاند ١٩٧٣). له کۆمەڵگه پیشەسازییه نوێکاندا، بایەخێکی ئەوتۆ به پاراستنی نەریت نادرێت، چونکه خەڵک زیاتر لەگەڵ پاشەڕۆژدا خەڵک زیاتر لەگەڵ پاشەڕۆژدا خۆیان ڕاهێناوەو کەسێک له چینی کۆمەڵایەتی خوارەوه دەتوانێت بەرز بێتەوەو ببێته ئەندامی چینێکی باڵا. بەم پێیه پێویسته خەڵک بەو پێوەره هەڵسەنگێندرێت که دەتوانن چی بکڕن نەک بەو پێیه که دەتوانن چی له بەر بکەن. فاشنه نوێکان و به تایبەتی له جلوبەرگدا، حەزیان بەوەیه له ترۆپکی پێوەری کۆمەڵایەتیدا دەربکەون و شەعبیەت و جەماوەریی خۆیان له ڕێگەی میدیاوه به دەستبێنن. ئەمانه بەردەوام

کۆپییان لە سەر دەکرێت تا ئەو کاتەی لە کۆگا و بازاڕی داشـــکاندندا دەبینرێنەوەو ئەو دەمە ئیتر وازیان لێدەهێنرێت. فاشن یەکێکە لە ڕووە ڕوون و ئاشـــکراکانی بەکاربردن یان پراکتیزەی خەرجکردنی پارە بۆ ئاشـــکراکردنی سەروەت و ســـامانی کەسێک (ڤێبلن، ١٩٥٣). بەهەرحاڵ، لە کۆمەڵگە بەتاڵەکانـــدا تەنانەت لە چاودێری کردنی شتە نائاساییەکانیشدا، فاشن دەتوانێت پەیڕەویـــی ڕێگە پێچەوانە بکات، چونکە ڕەنگە لە چینە نزمەکانیشـــەوە دەربکەون و بێشومار کۆپی لە سەر بکرێت. لە حاڵەتی جینزی شیندا، بـــۆ نموونە، قوتابییە ئایدیالیســـتەکانی کۆلێج وایان دەویســـت کە بە ئەمریکی زیان لێکەوتوو دەربکـــەون و بەمجـــۆرە پۆشـــاکی یونیفۆرمی جووتیـــار و کرێکاری کارگەکانیـــان لەبەرکرد. بەهەرحاڵ، زۆری نەبرد «دیزاینەرەکانی جینز» سەدان دۆلاریان دەسکەوت و لە نێو ساماندارانی بە شـــێوەیەکی بەرچـــاو دەرکەوتن و ئێســـتا جینز بووە بە پۆشـــاکی یونیفۆرمی گەنجان لە سەرانسەری دنیادا.

هەروەها مۆدەش شـــێوازی کۆمەڵایەتیی ڕگوزەرە کەوا ژمارەیەکی گەورەتر، لە خەڵک بۆ ماوەیەکی کورت لایان پەســـەندەو زیاتر هێمایە

بۆ چالاكییەكانی كاتی بەتاڵی یان ئەو بابەتانەن كەوا كەسێك بەكاریاندێنێت كاتێك سەرقاڵی چالاكییەكانی كاتی بەتاڵی دەبێت. لە میانەی چەندین دەیەی ڕابردوودا، بۆ نموونە، ئێمە Pet Rock, Mood Ring, Beanie Babies, Pokémon مان هەیە لەگەڵ چالاكیی چەشنی خەتكێشان یان بە ڕووتی ڕاكردن، لە شوێنێكی گشتیدا. مۆدە بە لای ئەوەدا دەكەوێتەوە كەوا بێ ئەوەی شوێنەوارێك بەجێبێڵێت نامێنێت و بەسەردەچێ، بە پێچەوانەشەوە كەوا هەندێ جار خۆی دووبارە دەكاتەوە. مۆدە دەتوانێت بەرەو خولیا گەشە بكات، و بەزۆریش مۆدە ڕیكلامی بیزنێس و بازرگانییە بۆ قازانج كردن. بەڵام هەردوكیان فاشنی بچووكن كە بە شێوەیەكی نائەقڵانی و كورتخایەنی بەڕێوەدەچن وەك فاشنی ڕاستەقینە، بەڵام خولیا خاسییەتی دڵەڕاوكێ و نیگەرانیی لە مۆدە زیاترە.

# تۆقین و هیستێریای بەکۆمەڵ
## Panics and Mass Hysteria

تۆقین و هیســـتێریای بەکۆمەڵ دوو فۆرمی ڕەفتـــاری بـــە کۆمەڵن کە هاوشـــێوەن لەوەی کە لە نـــاو ئەو خەڵکانەدا دروســـت ببن و کە لـــە ناوچەیەکـــی جۆراوجـــۆردان و خاســـێتی هەردوکیان بارگاوی بوونە بە سۆزێکی زۆرەوە. لە حاڵەتێکی تۆقینـــدا خەڵک کاردانەوەیان بۆ ورووژێنێک دەبێت کە بە زۆری هەڕەشـــەیە بە ڕەفتارێکـــی نائەقڵانی و توند و هەندێ جاریش خۆ وێرانکردن.

وەک پێشـــتر باســـکرا هاوارکـــردن بـــۆ "ئاگرکەوتنەوە" ڕەنگە ترس و ســـامێک بەرپا بـــکات، کە خەڵـــک بەســـەریەکدا بکـــەون و دەروازەکانی دەرچوون دابخەن تا ئەو ئاستەی ببێتە هۆی زیان پێگەیاندن یان مردنی خۆیان. هیستریای بە کۆمەڵ لووتکەی شێوەکانی مۆدەو خولیایەو لەوەدا بووە بە عادەت و مەسەلەیەکی

حەتمی. هەروەها فۆرمێکی ڕەفتاری بەکۆمەڵی بچڕبچڕە، چونکـــە خەڵک لـــە قەرەباڵغیدا بە زەرورەت پێکەوە بین و لە ڕاســـتیدا بەزۆریش کۆنتاکتی ڕاســـتەوخۆیان لەگـــەڵ یەکتر نیە. هەروەها بە لای ئەو بارەشـــدا دایدەشـــکێنێت کە زیادەڕۆییەک بێت لە هەڕەشـــەیەکی هەست پێکراودا، ڕاست بێت یان خەیاڵ.

# خەڵك و ڕای گشتی
# Publics and Public Opinion

ڕەفتـــاری بەکۆمەڵ لە هـــەردوک خەڵک و ڕای گشـــتیدا کاری خـــۆی دەکات. خەڵـــک وا پێناســـە دەکرێت، کـــە کۆبوونەوەیەکی بەش بەشی ئەو کەســـانەیە کەوا هەمان بەرژەوەندی و بایەخپێدانیان هەیە سەبارەت بە مەسەلەیەک یان لە ژێر کاریگەریی ڕووداوێکی هاوبەشـــدان. خوێنەرانـــی ڕۆژنامەی "نیویـــۆرک تایمز New York Times" بۆ نموونـــە، قوتابیانی زانکۆ، هاتوچۆکەرانی سینەما، دەنگدەران و ئەندامانی یانەی جنێفەر لۆپیز هەموو نموونەی پەبڵیکن.

ئـــەو پەیوەندییـــەی کـــە قەرەباڵغییـــەک پێکـــەوە ڕادەگرێـــت ســـۆز و عاتیفەیە، بەڵام ئەو پەیوەندییەی پەبڵیک پێکەوە دەبەســـتێت ئەقـــڵ و بیـــرە. ئاپۆرەیەک لە یەک شـــوێندا کۆدەبێتەوە، بەڵام پەبڵیکێک public پەرش و بڵاوە و هەر کەسێک لەوانە دەتوانێت ڕاستەوخۆ

به تەنها، لەگەڵ ژمارەیەکی بچووکی ئەوانیتردا پەیوەندیی بکات، یـــان لەگەڵ هیچ لایەکیاندا، وەک لە حاڵەتی تەلەفزیۆنی گشتیدا. ماسمیدیا یارمەتیی دروســـتکردن وڕاگرتنی پەبڵیک دەدا پێیکەوە. لە ڕاستیدا کۆمەڵگەکانی پێشکەوتوو لــە ڕووی پیشەســازی و تەکنۆلۆجییـــەوە پەبڵیک بە ڕاســتی ماســپەبڵیکەو بــە واتای ئەوان دانیشـــتوانێکی هەرێمی یان نیشتمانین کە ڕەنگە تەماشــاکەر یان بەشداریکەر بن، لە ڕەفتارە بەکۆمەڵە جۆراوجۆرەکاندا. هەندێک لە پەبڵیکە جەماوەرییەکان کاتین و پێکهاتەکەیان بە خێرایی دەگۆڕێت، بــۆ نموونە ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لــە کاتژمێر حەوت و نیوی شـــەوی شـــەممەدا تەماشـــای بەرنامەیەکی تەلەفزیۆن دەکەن کاتژمێر هەشت بڵاوەی لێدەکەن، کاتێک کــە بەرنامەکە تەواو دەبێت. پێناســـەی ماس پەبڵیکێک ڕەنگــە وەک کۆبوونەوەیەکی ناجۆر لە پێکهاتەدا گونجاو بێت کە بەردەوام هەندێک ئەندامی بەرژەوەندیی نەمێنێت لەو ڕووداوەدا کە کردوونی بە ئەندام تێیدا لە یەکەمجار و یەکەم شوێنداو بەردەوام خەڵکی تر جێیان بگرێتەوە.

پەبڵیــک زیاتــر خاســییەتی کۆمەڵگــە ئاڵۆزەکانن وەک لەوەی هی کۆمەڵگە سادەکان

بن. هۆکاریشی ئەوەیە کەوا کۆمەڵگە ئاڵۆزەکان ناجــۆرن و بەرژەوەندیــی ئەندامەکانیــان لە ژماردن نایــەت و جۆراوجۆرە. ئەوان بەردەوام و بەشــێوەیەکی نەگۆڕ بەرەورووی ژمارەیەکی زۆری ئــەو مەســەلانە دەبنەوە کە سروشــتی ناوچەیی و نیشــتمانییان هەیە و ئەم مەسەلانە ناکۆکن، لەگەڵ یەکتر. ڕەنگە تاقمێک بیانەوێت دارســتانەکانی وڵاتمان بپارێزرێت کەچی ڕەنگە تاقمێکی تریان بیانەوێت ببڕدرێتەوەو تەختەیان لێوەدەست بهێندرێت.

لە کۆمەڵگەیەکی کەمتر ئاڵۆزدا ئەم شــتانە بــە زۆری ڕووندادات و نــۆرم و بەهاکان لە لای هەمووان تا ڕادەیەکی هاوبەش دەبن و زۆر کەم لە تاکەکان گومانیان لە شــێوازی نەریتییە بۆ جێبەجێکردنە کارەکان.

پەبڵیــک کاریگەرییەکــی گرنگی لە ســەر کۆمەڵگە هەیە بەتایبەتی، لەبەرئەوەی پەیوەندیی جەماوەریی دەم و دەس و ئامادەیە. لە هەمان کاتدا شێوازی ژیانی ماس پەبڵیک گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە لە کۆمەڵگەی پاش پیشەسازیدا کــە تیایدا کات هەیە، بۆ پشــوودان و پەرژانە ســەر وەرزش و ئارەزووەکان و تێیدا ئۆتۆمبیل لەژێــر ڕکێفی جەمــاوەری خەڵکدایە و میدیای

پەیوەندی کردن نەک تەنها بۆ ئاگادارکردنەوەیە بەڵکو بۆ دروســـتکردنی بەکاربردنیشـــە. ماس پەبڵیــک ڕوخســـاری دەرەوەی وڵاتی گۆڕیوە: لەوانـــە ڕێگاوبان و پرد، ســـتادیۆم و یاریگای گۆڵف و مـــۆڵ و پارکی حەوانەوە لە کەنارەوە بۆ کەنار. هەروەها ماس پەبڵیک پیشەســـازیی نوێی دروستکردووە وەک فاست فوود، موزیکی میللی، سینەماو شتی لەم چەشنە.

# ڕای گشتی
# Public Opinion

ژمارەیەکی گەورەی جەماوەر، کە هەرەیەکەیان بە چالاکی وشتی تایبەت بەخۆیەوە، وەک هەڵویست و بیروباوەڕ و تاد، هەڵکشانێک دەدەنە ڕای گشتی. ڕای گشتی تێرمێکی گشتییە دەگەڕێتەوە بۆ دۆخ و هەڵسەنگاندنی ژمارەیەکی زۆری خەڵک لەبارەی مەسەلەیەکی تایبەتەوە. پێدەچێت ئەمە وەک ڕایەکی باو وەربگیرێت لە سەر شتێک لە نێو دانیشتوانێکی دیاریکراودا.

ڕای گشتی مانایەکی تایبەتی هەیە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە خاسییەتی ماس پەبلێکی تێدابێت، چونکە لێرەدا ڕای گشتی لەڕێگەی ماس میدیاوە بڵاو دەبێتەوە. لە کۆمەڵگە نەریتییەکادنا حکومەتەکان و ئابوورییەکان بەپێی ویست و خواستی دەسەڵاتداران بەڕێوەدەچن و سەرکردەکان گرنگی بەوە نادەن کەوا ئەندامە تاکەکانی کۆمەڵ بیر لە چ شتێکی

تایبەت دەکەنەوە . لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا کە زۆر بە ڕاهێنراوی دیموکراتی و بەکاربردنن، سەرکردەکان و پیشەسازان دەبێت ئەوە ڕەچاو بکەن کە خەڵک چۆن بیـــر دەکەنەوە لەبارەی ستایڵی ســـەرکردایەتییانەوە (یان ئەوەیە کە جارێکی تر هەڵنابژێرێنەوە)، یان لەبارەی ئەوەی چی بەرهەم دەهێنن (یان کەس نایانکڕێت).

# ڕای گشتی و ماسمیدیا

# Public Opinion and the MassMedia

پێدەچێـــت کارێکـــی لۆجیکی بێـــت کەوا ڕای گشـــتی ڕەنگدانەوەی بەهاو هەڵوێســـتی کۆمەڵگایـــەک بێت، بەڵام بەهاو هەڵوێســـتێک کە لـــە ســـەردەمی منداڵییـــەوە پێیان گۆش بووبێت بە بەردەوامـــی دەمێننەوە بە درێژایی ژیانی کەســـێک، لە هەمان کاتدا ڕای گشـــتی بـــەرز و نـــزم دەکات، کە هەندێ جـــار زۆر بە خێرایی. هەرچەنـــدە ڕەنگە لە کۆمەڵدا هەبێت لەبارەی بەهاگەلێکـــی تایبەتییەوە، بەڵام ڕای گشتی بەشـــێوەیەکی ئاسایی دابەش دەبێت لە هـــەر کاتێکدا بۆ کۆمەڵێ بابەتـــی جۆراوجۆر. بـــۆ نموونە، لـــە کاتێکدا کۆدەنگـــی هەیە، لە بارەی بەهای ئاشـــتیی جیهانییـــەوە، لە کاتی بۆردومانکردنی یۆگســـلاڤیا لەلایەن ناتۆوە ڕای گشتی لە نێوان ئەوانەدا دابەش بوو، کە پێیان

وابوو، که پێویســـته ویلایەته یەکگرتووەکان له جەنگی بەڵکانەوه بگلێـــت، لەگەڵ ئەوانەدا که باوەڕیان وابوو کـــه دەبێت بەهەر نرخێک بووه ئاشـــتی بپارێزرێت. جەنگ لـــه دژی تیرۆریزم هەمان دابەشکردنی له ڕای گشتیدا دروستکردووه سەرەڕای ئەو ڕاستییەش کەوا کاری تیرۆریم، له سەرتاپای دنیادا ترسناک و تۆقێنەره.

بەهێزترین کاریگەری له ســـەر ڕای گشتی ماســـمیدیا بۆ خۆی قۆرخی کردووه ـ ڕۆژنامه، تەلەفزیۆن، فیلم، تاد. ئەمەیه که ئەو هۆکارەی که بۆچـــی کاندیده سیاســـییەکان دەیانەوێت "وێنەیەک" دروســـت بکـــەن، کـــەوا دەتوانن "بیفرۆشنەوه به خەڵک". هەندێک له چاودێران تەنانەت وایبۆدەچن کەوا مماسمیدیا ڕای گشتی دروســـت دەکات. هەنـــدێ جـــار ڕۆژنامه هانی خەڵک دەدات و دەیانووروژێنێت به خستنەوەی گەندەڵی له حکومەتی شار یان هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی تر. له هەمان کاتیشدا ڕۆژنامەکان به زۆری پشـــتگیریی هەندێ کاری تایبەت یان هەڵبژاردنی کاندیدی تایبەتی دەکەن بەشێوەیەکی نەزۆکانه. وێنەی جوڵاو، به تایبەتی تەلەفزیۆن بـــەزۆری تۆمەتی ئەوەیان دەدرێته پاڵ که ڕای گشـــتی دروست دەکەن. پرسیاره کەم هەیه که

لە ڕاستیدا چۆن سینەما و تەلەفزیۆن کاریگەری خۆیـــان لە ســـەر خەڵک دادەنێن بە شـــێوەو ڕێگەی جۆراوجۆر. ســـینەماو ئەو شـــانۆیی و فیلمانەی کە ئەکتەرەکان خۆیان لەوێدا ئامادەن ئەوە دەردەخەن کەوا چـــۆن چۆنی چینەکانی خەڵک، لە پێگـــەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیدا، هەڵسوکەوت دەکەن. بێجگە لەوەش تەلەفزیۆن بە لێشاوی بەردەوامی مەسەلە بازرگانیەکانەوە کار دەکاتە ســـەر خووڕەوشـــتی بەکاربردن لە دیدی خەڵکەوە. جاڕدان تەنها پیشەسازییەکی چەنـــد ملیار دۆلاری نیە بەڵکو تاڕادەیەک بووە بە زانســـتێک کە دەتوانێـــت پەیامێک بچووک بکاتەوە بۆ وێنەیەک و مەبەست پێکبهێنێت. بەم شێوەیە بەکاربەران دەتوانن نەک تەنها دەرمانی ددان پاککەرەوە یـــان هەمبەرگر بکڕن، بەڵکو تەنانەت کاندیدی سیاســـیش و لەوانە بەرزترین کاندیدیش لە ســـەر زەوی کە ســـەرۆکایەتییە. ئەڵبەتە مەترســـییەکی ڕوون و ئاشـــکرا هەیە، لە میتۆدی لەم چەشنەدا، هەروەها ڕای گشتی بەهـــۆی بەردەوامیی دووبارەبوونەوە لە میدیادا ڕوخسار و چوارچێوەیەک وەردەگرێت. هەردوو ئەو ڕەشبینییەی بەدوای جەنگی ڤێتنامدا هات و پێچەوانەکەشی لەماوەی بەڕێوەبەرێتی ڕیگاندا

وەک یـــەک لە میدیاوە بڵاودەکرایەوە. ئەو تاک و گرووپانەشـــی شکۆو دەســـەڵاتیان هەیە، لە کۆمیونیتییە لۆکاڵەکاندا یان لە وڵاتدا کاریگەرییان لە سەر ڕای گشتی هەیە. گەلێ دەستەو تاقمی پارەداری خاوەن بەرژەوەندیی تایبەت دەتوانن ڕای گشـــتی بگۆڕن، بۆ نموونە تەنها لە ٢٪ ی ئەمریکییەکان کاریگەریی زۆر گەورەیان لە سەر چاودێریی تەندروستی. سەرکردە سیاسییەکان و سەرکردەکانی کرێکاران و ڕێکخراوە ئاینییەکان خاوەن کارەکان هەموو هەوڵ دەدەن پەیوەندییە گشـــتییەکان بەکاربێنن بۆ کارکردنە سەر ڕای گشتی. ئەندامانی دەستەو تاقمی جیاجیا دیدو بۆچوونـــی ئـــەو گروپە دەنوێنن کە باشـــترین هەوادارییان بۆ هەیە. هەروەها خەڵک ڕای گشتی دروســـت دەکەن لە ڕێگەی ئاوێتـــە بوون و لە چوارچێوەدانەوە بەپێی باکگراوندی کۆمەڵایەتیی خۆیـــان و ئەندامێتییان لـــەو گرووپەدا. کاتێک ئـــەوان دڵنیانین کە چۆن مامەڵە بکەن، لەگەڵ ڕووداوێکی تایبەتمەنددا، یان چ هەڵوێســـتێک وەربگرن لە سەر مەسەلەیەکی تایبەت، خەڵک مەیلیان بەلای دانوستان و مشتومڕو گۆڕینەوەی زانیارییە لەگەڵ ئەوانیتردا.

بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتییـــەکان یـــەک لە بەهێزترین کاریگەریەکانیان بەکاردێنن، لە ســـەر ڕای گشـــتی. بۆ نموونە ســـاڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ کان پەیدابوونـــی مافـــە مەدەنـــی و بزووتنەوە فێمینیســـتەکامیان بەخۆیانەوە بینی و بەهەمان شـــێوەش لەمپەڕی زەمبەلەکی سیاسییەوە ـ کە موحافزەکارانی ساڵانی ١٩٥٠ بوون ـ بۆ ئەوپەڕی ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد. ساڵانی ١٩٨٠ کان و ١٩٩٠ کان گەڕانەوەیەکیـــان بەخۆیانەوە بینی بۆ کۆنسێرڤاتیزمی سیاسی و فشارێک، لە سەر «بەهاکان».

# پڕۆپاگەندە و سانسۆر
## Propaganda and Censorship

توانای چارەسەری زیرەکانەی ڕای گشتی سوودی گەورەی هەیە، بۆ هەندێک تاکەکەس و گرووپ لە کۆمەڵدا. بۆ نموونە ئەوانەی پیشەسازیی ئۆتۆمبیل دروستکردنیان هەیە، دەیانەوێت خەڵک بەرهەمەکانیان بکڕێت، کاندیدە سیاسییەکان گەرەکیانە هەڵبژێردرێن، مامۆستایان دەیانەوێت مووچەکانیان زیاد بکرێت، بەڕێوەبەرێتییەکانی حکومەت پشتگیریی هاوڵاتیانیان دەوێت، ڕێکخراوە ئاینییەکان دەخوازن ئەندامەکانیان پەیڕەویی بیروباوەڕی ئاینییان بکەن. تەواوی گرووپ و تاقمەکان و دام و دەزگا جۆراوجۆرەکان هەوڵ دەدەن کار، لە سەر ڕای گشتی بکەن، لە ڕێگەی پڕۆپاگەندەو سانسۆرەوە.

پڕۆپاگەندە هەوڵێکی وردو تۆکمەیە بۆ قایلکردنی کەسێک بۆ قبووڵکردنی باوەڕێکی تایبەتی بێ هیچ ڕەخنە و گازندەیەک یان

هەڵبژادنی شـــتێکی تایبەت جیا لە شـــتێکی تر. جاڕدان، پشـــتیوانیی لە کڕین و فرۆشتن، پەیوەندییە گشتییەکان، کەمپەینە گشتییەکان، کۆششـــی کۆمەک و پارە پەیداکردن، لەوحەو سـەکۆی جـاڕدان و بگـرە وانـە وتنەوەی ڕۆژانی یەکشـەممەش پڕۆپاگەندە بەکاردێنن. پڕۆپاگەندە هۆکارێکی زیرەکانەیە کە پشت بە داواکاریی سـۆز ئامێز دەبەسـتێ و بەزۆریش یـاری لە سـەر تـرس و دڵەڕاوکێـی خەڵک دەکات.

جاڕدان بـۆ بابەتی جوانکاری (کۆزماتیک) و بـۆن و مەعجوونی ددان بەڵێن دانـە بەوەی کە خەڵک سـەرنجڕاکێش و ڕوخسارە گەنج و جوان دەربخات و ئەمەش خواستی خەڵکە بەو شێوەیە بن و دەترسن وانەبن. هەروەها پڕۆپاگەندە پشت بە "بەها کۆن و باشەکان" دەبەستێ لەمەڕ ڕابردوو، چەشنی (قوتابخانەیەکی یەک پۆلی)و (حەڵوای سێوی داپیرە) و هەروەها پشت بە حەز و ئارەزووی خەڵکیش دەبەستێ و دەیەوێت شەعبییەت پەیدا بکات چەشنی "هەموو کەس ئەوە دەکات".

پڕۆپاگەنـدە تەواو سـەرکەوتوو دەبێت، لەو کاتەدا کە نایەوێت هەوڵی گۆڕینی بیروڕای خەڵکی بدات بە توندی و پەڕگرانە. بەهەرحاڵ،

کۆمەڵگــە دیموکراتییەکان، ئەوانەی کە نوقمی پرۆپاگەنــدە دەبن بۆ کەســێکی دیاریکراو یان بەرهەمێــک بــەرەوڕووی کێبەرکێیەکــی زۆر دەبنەوە. خوێنــدەواری و زەوق بەرزیی خەڵک بە شــێوەیەکی زیاد کاریگەریــی پرۆپاگەندە ســنووردار دەکات. دواجار، هەرچەندە مەیل و هەواداریی بەهێز ڕەنگە بە شێوەیەکی کاتی لە ڕێگەی پرۆپاگەندەوە کۆسپی بێتە ڕێ، بەڵام لە کۆتاییدا کاریان تێناکات.

ئەڵبەتــە لەبــەر ئەوەی کــە پرۆپاگەندە یەکلایەنە لێکدانەوە بۆ مەسەلەیەک دەکات یان هەمیشــە لایەنی باشەی بەرهەمێک دەخاتەڕوو بۆیــە زانیاریی خەڵــک لەبارەی ئەو شــتەوە دەشــێوێنێت. لەلایەکی ترەوە سانسۆر هەموو یان چەند بەشێکی زانیاریی دەسڕێتەوە. گەلێ لە دامودەزگا و ڕێکخراوی یاســاییمان سانسۆر بەکاردێنــن. گرووپــی تایبەت کــە ئەجێندای خۆیانیان هەیە ڕەنگە وامان لێبکەن کتێبگەلێکی دیاریکــراو لە ڕەفــەی کتێبخانە گشــتییەکان بکێشــنەوە، چونکە بەلایانەوە پەســەند نین لەگەڵ ناوەڕۆکیان یەکناگرنەوەو (سانســۆری کتێب، هاوشان، لەگەڵ سانسۆری هەموو فۆرم و شێوەیەکی هونەر، لە ڕژێمە تۆتالیتارییەکاندا

بەربڵاوە). حکومەت و دەزگا سەربازییەکان لەژێر ناوی ئاسایشــی نەتەوەیی و بەرگریی لە وڵاتدا زانیاریــی قەدەغە دەکەن. خێزانــەکان و دام و دەزگا ئاینییەکان حەز بە سانسۆرکردنی هەندێ زانیاریــی پەیوەندیدار بە سێکســەوە دەکەن. کاندیدە سیاســییەکان تەنها ئەوەمان پێدەڵێن کــە خۆیان دەیانەوێت بیزانین لەبارەی خۆیان و نیاز و مەرامیانەوە لە حکومەتدا. پیشەســازان نایانەوێــت ئەوەمان پێبڵێن کــە ئەو ئوتۆمبیل یان بەفرگرانــەی پێمان دەفرۆشــن بەجۆرێک دروســتکراون کەوا دوای چەند ســاڵێکی کەم پێویستە بگۆڕدرێن. ماسمیدیاش باس لە چەند شتێک دەکات وشکســت دێنێت، لە باسکردنی هەواڵەکانی تردا. ئەڵبەتە پرۆپاگەندەو سانسۆر، خۆیــان لــە خۆیاندا، نە باشــن و نــە خراپ، بەڵکو هەرکامێکیان کــە دەکەونە گەڕ لەوانەیە سوودبەخش یان زیانبەخش بێت، بۆ خەڵک.

# بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی
## Social Movements

نزیکـــەی هەشـــتاو پێنج ســـاڵ لەمەوپێش ئیمپراتۆری دەســـەڵات ڕەهای ڕووسیا نیکۆلاسی قەیسەر لەلایەن هێزێکی هەڵچووەوە ڕامالرا کە هێند بەزەبر بوو، کەوا توانی حکومەتێکی ڕەگ داکوتاو بڕووخێنێت کە ماوەی چەندین ســـەدە دەسەڵاتی بەســـەر خەڵکیدا بســـەپێنێت. لەم پرۆســـەیەدا کۆمەڵگەیەکی کشـــتوکاڵیی دواکەوتـــوو گۆڕانی بەســـەردا هات و بوو بە یەکێک لە دوو زلهێزەکەی دنیا. لە پایزی ساڵی ١٩٩١دا بوومەلەرزەی دووەم هەمان کۆمەڵگە لەرزاندو بە دیار چاوی جیهانەوەو بەسەرسامییەوە ئاپۆرەی خەڵک کەوتنە ڕووخاندن و ڕاکێشـــانی پەیکەرە زەبەلاحەکانـــی پاڵەوانانی ڕژێمی پێشتر. بە کەوتنە سەر زەوی ئەم پەرستووە تێکشـــکاوانە دەکرێت مەزەندەی ئەو هێزانە چین، چۆن هاتوونەتە ئاراوەو بۆچی و چۆن لە کۆتاییدا بەرەو هەڵدێر چوون؟

یەک لەو ڕێگا سەرەکیانەی کەوا کار، لە سەر گۆڕان دەکات جموجووڵ یان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم بزووتنەوانە جۆرێکن لە ڕەفتاری بە کۆمەڵ کەوا گەورەترین کاریگەری لە سەر کۆمەڵانی خەڵک بەجێدێڵن. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وا پێناسە دەکرێن کە "پرۆژەی بە کۆمەڵن بۆ دامەزراندنی یاساو ڕێسایەکی نوێی ژیان"، (بلومەر، ١٩٥١)، بێجگە لەوەش هەوڵ و کۆششی بە کۆمەڵ بۆ ئەوەی یان یاساو ڕێسای فەرهەنگی کۆمەڵایەتی بگۆریت یان بەرهەڵستی ئەو گۆڕانکارییە بکەیت ( کیلیان، ١٩٦٤). ئەم چەشنە لە کاری بەکۆمەڵ ڕەنگدانەوەی تێوەگلانی تاکەکانەو دەستێوەردانە لە ئاڕاستەکردن و دووبارەکردنەوەیو پەلەکردن یان بەرهەڵستیکردنی گۆڕانە.

کاری بە کۆمەڵ ڕەنگە جموجوولی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم بدرێت کاتێک کە ئەم فاکتەرانەی خوارەوە ئامادە دەبن: (١) ئایدۆلۆجیایەکی دیاریکراوی هەبێت، (٢) هەستێکی بەهێزی ئایدیالیزم و پاڵپشتی کردن دەبووژێنێتەوە، لەوانە قوربانیدان و دڵسۆزی لای پەیرەوان، (٣) ئاڕاستەکردن بەرەو کار، (٤) ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی گرتووەتەوە.

هەرچەندە هەندێک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بە تەواوی ڕێکنەخراوەو زۆربەی لە شێوەی گرووپ

یان کۆمەڵەی خۆبەخشدان. ئەمانە گرووپی لاوەکین کەوا ڕێکخراون بۆ دابینکردنی ئامانجێکی تایبەتی. هەردوک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و گرووپی خۆبەخش خاسییەتی کۆمەڵگا پیشەسازییە شارستانییەکانن کە ئەزموونـــی گۆڕانی کۆمەڵایەتی خێرایان هەیە. لە هەندێ وڵاتـــدا، بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتییەکان گەشـــە دەکەن و دەبنە حیزبی سیاســـی و شوێن ئامانجەکانیان دەکەون، لە ڕێگەی بە دەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی بە دەستهێناوە یان لە دەستی داوە. لە وڵاتانی تری وەک ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ئامانجەکانی ئـــەم ئایدۆلۆجییە لە ڕێگەی کۆمەڵە و ڕێکخراوی خۆبەخشـــەوە پەیـــڕەوی وەدیهێنانی کراوە کی هەرگیز دەســـەڵاتی سیاسییان وەدەست نەهێناوە. لە وڵاتەکانی تری وەک فەرەنساو ئیتاڵیاو پورتوگالدا بوون بە حیزبی سیاســـی و نوێنەریش لە پەرلەماندا. دواجاریش لە یەکێتیی ســـۆڤیێتی جارانداو بە هەمان شـــێوەش لـــە کۆماری چیندا، بزووتنەوەکە بوو بە حیزبی دەسەڵاتدار (هەرچەندە دەسکاری کردنی ئایدۆلۆجیشـــی تێکەوتووە)، لە کاتێکدا لە چیلی دەسەڵاتی بە دەستهێناو بەدوایدا ڕووخایش.

# جۆرەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی

## Types of Social Movements

بە پێی ئەوەی کە چۆن کەسێک بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێ، دەکرێت دابەش ببنە سەر چوار بەشدا، کە بریتین لە: ئەڵتەرناتیڤ (جێگرتنەوە)، قەرەبووکردنەوە، ڕیفۆرمیست و شۆڕشگێڕ. نموونەیەک لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی ئەڵتەرناتیڤ ڕێکخراوێکی چەشنی باوکایەتی و دایکایەتی نەخشەدار کە بایەخ بە گەشەکردنی دانیشتووان دەدات و ئامانجی ئەوەیە کار بکاتە سەر ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی منداڵبووندان بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بکەن و لە ئاستیی بەرپرسیاریی کاروباری زایەندییاندا بن. بزووتنەوەی قەرەبووکردنەوەشی کاردەکاتە سەر بەشە دەسنیشانکراوەکانی کۆمەڵگا نەک هەمووی، بەڵام لێرە هەوڵەکە لە سەر گۆڕانێکی ڕادیکاڵییە. مەسیحییەتی ئوسووڵی

بزووتنەوەیەکـــی لـــەو چەشـــنەیەو ئەوانـــەی گۆڕانیان بەســـەردا هاتووە خۆیان وا لە قەڵەم دەدەن کە ســـەرلەنوێ، لە دایکبوونەتەوە. تا ڕادەیەک بزووتنەوە تەعریبییەکان پەیوەندییان بەجۆری قەرەبووکردنەوە هەیە، کە ئاڕاستەیان لە ســـەر ئەو تاکانەیە کەوا چاوەڕوان دەکرێت بە ڕەنگێک بگۆڕێن کە کار بە ئاڕاستەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بکەن، لە کۆمەڵدا یان باشتر لەگەڵ کۆمەڵدا بگونجێن وەک ئەوەی کە هەیە. بزووتنـــەوە تەعبیرییەکان بـــە زۆری ئاینین لە خاسییەت و سروشـــتیاندا، بەڵام دەتوانن ببنە شۆڕشـــگێڕی تـــەواو، وەک حاڵەتی شۆڕشـــی ئیسلامی لە ئێراندا. لە لایەکی ترەوە، دەکرێت عیلمانی (ســـێکیولار) بن وەک گەلێ نموونەی بزووتنەوە مرۆڤدۆســـتییەکان کە، لە ســـاڵانی ١٩٧٠ کاندا باوبوون. ئەم بزووتنەوانە وا دروست بوو بووم کە خود ئامانجدان بۆ تاک مەیســـەر بکەن.

# بزووتنەوە ڕیفۆرمیستەکان
## Reformist Movements

ئەو دوو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەی زۆرترین کاریگەرییان لە سەر کۆمەڵگا و حکومەتەکانیان هەیە بزووتنەوە شۆڕشگێڕی و ڕیفۆرمیستەکانن. بزووتنەوە ڕیفۆرمییەکان هەوڵ دەدەن هەندێک رووخساری یاساو ڕێسایەکی کۆمەڵایەتی ئامادە بگۆڕن بێ گۆڕانکاریی تەواوی یاســاو ڕێساکە. ئــەوان دەیانەوێــت کۆمەڵ بگــۆڕن، بەڵام بە شێوەیەکی سنووردار. بزووتنەوەی لەم چەشنە زۆرترین سەرکەوتن لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا بەدەســتدێنن کە ئازادییەکی ڕێژەیی تێدایە بۆ ڕەخنەگرتن لــەو دەزگا و کەناڵانەی کە هەن و دەخوازرێــت ڕیفۆرمیان تێدا بکرێت. بزووتنەوە ڕیفۆرمییەکان ڕەنگە پێشکەوتووتر بن لە بواری داواکاریی شێوازە نوێکانی کۆمەڵدا، یان ڕەنگە کۆنەخواز بــن لە بواری داواکاریی پاراســتنی هەمان بارودۆخدا یان گەڕانەوە بۆ شێوازەکانی

ڕابـــردوو. بزووتنەوە ڕیفۆرمییەکانی ئێســـتا لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بزووتنەوەی ئافرەتان، بزووتنەوەی مافـــە مەدەنییەکان و بزووتنەوەی لابردنـــی مۆرکـــی شـــوورەیی بـــە نێوچەوانی هاوجنسبازەکانەوە دەگرێتەوە.

# بزووتنەوە شۆڕگێڕییەکان
# Revolutionary Movements

ئەگـــەر ئێمە هەموو شـــێوازەکانی ڕەفتاری بەکۆمەڵمان بخســـتایەتە چوارچێوەی بوارێکی بەردەوامی پێدانەوە بەپێی مەودای کاریگەرییان لـــە ســـەر کۆمەڵ، ئـــەوە شۆڕشـــەکان پەڕی ئەوپەڕیان دەگرت و مۆدەو خولیاش ئەمپەڕی. لەم وڵاتەدا، وەک نموونە، شۆڕشەکانی ڕووسیاو چین دێنە پێشەوە، کە ڕژێمە کۆمۆنیستەکانیان لەگـــەڵ خۆ هێنـــا و بە شـــێوەیەکی ڕادیکاڵی ئـــەو کۆمەڵگایانەیـــان گـــۆڕی کـــە تێیـــدا بەرپابوون، هەروەها بزووتنەوەی فاشیستی کە دەرەنجامی شۆڕشگێڕانەی هەبوو، لە کۆمەڵگە ئەوروپایەکانـــدا. لەولاشـــەوە، ســـەرەڕای ئەو ڕاســـتییەی کەوا هەندێ خەڵـــک بە تەواوی لە مـــۆدەو خولیاوە گلان، بـــەڵام دەتوانین بڵێین هیچکام لەم دوانە مۆرکێکی چەسپاوی بە سەر هیچ کۆمەڵگەیەکەوە جێنەهێشت.

بزووتنەوە شۆڕشــگێڕییەکان یاساو ڕێسای کۆمەڵایەتیی ئێســتا زۆر بە نالەبار و گەندەڵ و ناڕەوا لە قەڵەم دەدەن، کە چارەسەری نیەو لە پەیجۆری بەیەکجارەکی لابردن و گۆڕینیاندایە. لە ئەنجامــی گۆڕانێکی ڕەهای لەو چەشــنە، بزووتنــەوە شۆڕشــگێڕییەکان دەبێت بە زۆری پەنا ببەنە بــەر توندوتیژی. لە بزووتنەوەکانی شۆڕشی ناسیۆنالیستیدا حکومەتێکی باڵادەستی بێگانە دەرووخێنرێــت و حکومەتێکی خۆماڵی جێگەی دەگرێتەوە. بزووتنەوەکانی شۆڕشگێڕیی چینایەتــی چینێکی دەســەڵاتدار دەگۆڕێ بە یەکێکی تر لــە هەمان کۆمەڵگەدا. شۆڕشــی ئەمریکی نیشــتمانیی بوو، بەڵام شۆڕشەکانی فەرەنساو ڕووسیاو چین و کووبا هەموو شۆڕشی چینایەتی بوون. بزووتنەوە شۆڕشــگێڕییەکان نابێــت، لەگەڵ یاخیبوون و کوودەتادا تێکەڵ بکرێن، کــە ئەمەی دواییان تەنها جێگرتنەوەی کەســانی چینــی فەرمانڕەوان. شــۆڕش واتە گۆڕینــی ســتراکتووری دەزگا کۆمەڵایەتییــە سەرەکییەکان.

# ئەو فاکتەرانەی پشتگیریی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان دەکەن

## Factors Encouraging Revolutionary Movements

فاکتەرە پێشــتر ئامادەکراوەکان بۆ دانەپاڵ بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان هاوشێوەن، لەگەڵ خەڵکە هــەوادارەکان بۆ دانە پــاڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییــە کەمتــر ڕادیکاڵــەکان، بــەڵام ئەو بارودۆخــەی هانە کەســێک دەدا بۆ دانە پــاڵ بزووتنەوەیەکی شۆڕشــگێڕانە ڕەنگە وا لێکبدرێتەوە کە پەرگرانە بێت.

بزووتنــەوە شۆڕشــگێڕییەکان زیاتــر خاسیەتی کۆمەڵگە تۆتالیتارییەکانیان پێوەیە وەک لە کۆمەڵگــە دیموکراتییــەکان، چونکە لــە دیموکراســیدا ڕای گشــتی و بزووتنــەوە ڕیفۆرمیســتەکان هەوڵــی فشــار دەدەن بــۆ

ســـەر حكومـــەت و بەو پێیـــە زۆرینەی خەڵک لە دواجاردا ئارەزووی گـــۆڕان دەکەن. لە ڕژێمە تۆتالیتارییەکاندا رای گشـــتی بەزۆری پشتگوێ دەخرێت و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیش لێبوردە نین، بەڵکو خەڵک وا هەست دەکەن کە تاقە ڕێگای کاریگەر بۆ گۆڕانکاری ڕووخاندنی حکومەتە. لەم هەوڵ و تەقەلایەدا ســـەرکەوتن هەرگیز مسۆگەر نیە. گرنگترین بارودۆخ بۆ شۆڕشی تێگەیشتنی بەربڵاوی ئەوەیە کە حکومەتی شەرعی بکەوێت و پێویســـت بێت بە هەر نرخێک بووە گۆڕان بەرپا بکرێت.

ئەو حاڵە پێی دەوترێت قەیران لە شەرعییەتدا. هەندێ جار شیکردنەوەی دیسپلین و کەفائەت لە قەوارەی حوکمدا یارمەتیی شۆڕش دەدات. هەندێک لە ئەندامانی ئەم قەوارەیەو بە تایبەتی ڕۆشنبیران لە وەهم ڕزگاریان دەبێت و ڕەنگە تەنانەت بدەنە پاڵ بزووتنەوەی شۆڕگێڕی. ئەوانیتر واز لە ڕۆڵی فەرمانڕەوا دێنن و بەم ڕەنگە و لە گەلێ حاڵەتدا لەڕاســـتیدا توندوتیژییەکی زۆر کەم پێویستە بۆ دابڕینی حکومەت لە دەستی فەرمانڕەوایان. گەلێ شۆڕش بێ خوێن ڕشتن ئەنجامدراون بە بەراورد، لەگەڵ جەنگ و بەرنامەکانی جینۆسایدیدا چەشنی ئەوانەی لە ســـەر دەســـتی ئەڵمانیای هیتلەریدا

بەرپاكران. وەک ئەنجامێک شۆڕشەكان بەدەگمەن توندوتیژیان ئایدیالن وەک ئەو بەڵێنانەی دەیدەن. بەو پێیە بە دڵنیاییەوە نەریت و یاساکان بەر گۆڕان دەکەون، بەڵام زەحمەتە لە ڕەگەوە دەربێن. هەندێ جار ڕێک و ڕەوان ڕوخسارە ناشیرینەكانی یاساو ڕێسا کۆمەڵایەتییە کۆنەکە هەر لە ئەوانی ئەمریکاو ڕووسیاو چین، وەک ئاشکراترین نموونە، گۆڕانی هێجگار گەورەو بایەخداریان، لەگەڵ خۆ بەرپا کردووە بۆ کەسانی کۆمەڵگاکانیان.

بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بەدناویی بەرچاویان بەردەکەوێ، چونکە ڕەنگدانەوەی توورەیی و نارەزایی خەڵکانێکن کە باوەڕیان وایە بە گۆڕانکارییەکان زۆر بە خاوی بەڕێوە دەچن. بەهەرحاڵ، هەندێ بزووتنەوەش هەن باوەڕی هەندێ گرووپ دەنوێنن کەوا گۆڕان زۆر بە خێرایی بەڕێوە دەچێت. ئەم بزووتنەوانە پێیان دەوترێت بەرهەڵستکاری گۆڕان و نیازو مەبەستیان وەستاندن یان نەهێشتنی هەندێ گۆڕانی دیاریکراو لە کۆمەڵگەدا. ئەڵبەتە کو کلۆکس کلان نموونەیەکی بزووتنەوەی دژە گۆڕانە و گەلێکی تریش هەن. (کو کلۆکس کلان باندێکی دژ بە ڕەشپێستەکانی ئەمریکا بوون، ــ وەرگێڕ).

کاریگەریــی بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتییـــەکان بەندە بە جۆری ئەو ڕێکخراوانەوە کە دروســت دەبــن و بەردەوامــی بــە خۆیــان دەدەن و تا چەند کاریگەرییەکەیان قووڵە لە ســەر کۆمەڵ. هەرچەندە هەر بزووتنەوەیەک بۆ خۆی جیاکارە، بــەڵام وا دیارە هەر هەمووی بــە چوار قۆناخی جیاکاردا تێدەپەڕێــت (بلومەر، ١٩٦٩ وماوس، ١٩٧٥). لــە یەکــەم قۆناخدا، دروســتبوون و ناڕەزایــی لە بەشــێکی کۆمەڵدا ســەبارەت بە مەســەلەیەکی تایبەت کە بە وردی دەسنیشان لەلایەن گرووپێک یان تاکە کەسێکەوە کە دەیخاتە بەر ســەرنجی خەڵک. لە قۆناخــی دووەمدا کە یەکگرتن یان ئاوێتە بوونە، سەرکردەکان دەبێت ستراتیجێک دابڕێژن، بڕیار لە سیاسەتەکان بدەن و هاوپەیمانــی بکەن، لەگەڵ گرووپەکانی تردا و ئەندامی تازە لە خشــتە بەرن، یان بە واتایەکی تر، ئــەوان دەبێت بەرژەوەندیــی بێنە کایەوەو دید و بۆچوونی خۆیان بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کۆمەڵدا بڵاوبکەنەوە. لە قۆناخی ســێیەمدا، کە بیرۆکراتیبوونــە، پێویســتیی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ڕەســمی دێتە پێشــەوەو بەو پێیە کاری ڕۆژانەی بزووتنەوەکە بەشێوازێکی ڕێکوپێک بــەردەوام دەبێت. لە کاتێکدا کە بزووتنەوەیەک

پێویستی به سەقامگیربوون و درێژخایەنە، بەڵام بیرۆکراتیبوون هەندێ جار دەیگێڕێتە دواوە، چونکە بنیاتنانی ڕێکخراوێک پێویستسی بە هەمان کارامەیی نیە وەک هێشتنەوەی دڵگەرمیی ئەندامەکان (بڕوانە پیڤن و کلۆوارد، ١٩٩٥). دوا قۆناخ کە چوارەمە بریتییە لە بەرەو هەڵدێرچوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان. ئەمە دەکرێت بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە ڕوو‌بدات بۆ بزووتنەوەکەو لە ڕێگەی بە دەزگابوونەوە. یان، ئەگەر بزووتنەوەیەک بگاتە ئامانجی خۆی، چیتر پێویست بە مانەوەی ناکات و بەو ڕەنگە پارچە پارچە دەبێت (بەڵام ئەمە بە دەگمەن ڕوودەدات، چونکە زۆربەی بزووتنەوەکان کار بۆ تەنها یەک شت ناکەن). هەندێ جار سەرکردایەتیی لاواز، سەرکوتکردن لە لایەن حکومەتەوە، پشت ساردبوونەوەی بەشێک لە ئەندامان بەپێی فرەیی بیروبۆچوونی چارەسەرنەکراو دەبنە هۆی مەرگی بزووتنەوەکە. لە کۆتاییدا سەرکردەکانی بزووتنەوەیەک ڕەنگە لە کۆششی خۆیان دابڕێن بە هۆی دەم چەور کردن و لە خشتە بردنی ستراکتووری دەسەڵاتەوەو ڕەنگە بزووتنەوەکە خۆی ببێتە بەشێک لە پێکهاتەی دەسەڵات و بەم پرۆسەیە دەوترێت دووفافی.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە شـێوەیەکی سـەرەکی وەک ئەنجامێـک بۆ بەشـخوران و سەرهەڵدانی خولیاو چاوەڕوانی سەر هەڵدەدەن. چونکە خەڵک هەسـت بە بەشـخوراوی دەکەن کاتێک خۆیان بەراورد دەکەن، لە خەڵکی ترداو لـە ئەنجامی ئەم خۆ بەراورد کردنەوە تووشـی سەغڵەتی دەبن. سەرهەڵدانی چاوەڕوانی کاتێک دروست دەبێت کە ئاستی بژێوی بەرز ببێتەوە لە کۆمەڵگەیەکدا، بەڵام نەک بۆ هەموو توێژەکانی دانیشتووان. بە واتایەکی تر، لەگەڵ باشتربوونی ژیاندا خەڵک سوود، لە تەواوی بارودۆخی باشبوون وەردەگرن و بەردەوام چاوەڕوانی باشترن.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەو کۆمەڵگایانەدا گەشـە دەکەن کەوا بـە گۆڕانـی کۆمەڵایەتی خێـرادا تێدەپەڕن، کاتێک کە خەڵک هەسـتی ئەنۆمی anomie یـان نامۆبوون و تەریکبوون دایاندەگرێت.

ئەنۆمی هەسـتێکی نۆرماڵ بوونە، کە نازانی پەیـڕەوی کام ڕێبەری ڕەفتـار بکەیت، کاتێک کەوا چەندیـن نۆرم لەیەک ئامادەن. تەریکبوون alienation هەسـتێکی جیابوونەوەیـە، لـە کۆمەڵگەو هەروەها هەسـتێکی بێدەسـەڵاتی و دابڕانـە، کەوا قەناعەت بـە تاکەکان دێنێت کە

لای خۆیانـــەوە هیـــچ کاریگەرییەکیان نیە. ئەو کەسانەی کە هەســـتی ئەنۆمی و تەریکبوونیان هەیە، کەمەنکێشی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبـــن و بە هەمان شـــێوە ئەوانەش کە بە پێی بنەمای جۆراوجۆر ناڕازین، ئەوانەی کە شپرزەو ماندوون و پێویستیان بەوەیە کەسانێک سەرنج بخەنە سەر ژیانیان.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان مەیلیان بە لای بایەخ پێدانی مەسەلە جیهانییەکانەوە هەیە وەک ژینگە، مەترسیی پەرەسەندنی چەکی ئەتۆم، مافەکانی ژنان و هاوجنسبازان و ئاژەڵان و شتی لەم چەشنە. لەبەرئەوەی دەسەڵاتی تەشریعی لە دەستی حکومەتدا کۆبووەتەوە زۆربەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەو لایەدا دایدەشکێنن کە بایەخ بدەنە ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە کوالیتیی ژیانەوە هەیە، نەک مەســـەلەکانی باشـــبوونی ئابووری کە بزووتنەوەی کرێکارییەکانی پێشـــوو دەیانکـــرد. وەک ئەنجامێک، ئـــەم بزووتنەوانە ســـەرنج و پشتیوانیی کەســـانی سەر بە چینی ناوەڕاســـت بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، لە جیاتی کرێکاران و خەڵکە ستەملێکراوەکان.

# کورتەیەکی بەشەکە
## The Chapter in Brief

گۆڕان بەشێکی تەواوکەری سروشت و هەموو گیانلەبەرێکە، ئەگەرچی ئاستێکی جێگیربوون بە شێوەیەکی یەکسان مۆرک و خاسییەتی تاکەکەسان و کۆمەڵگەو فەرهەنگەکانە. میکانیزمەکانی گۆڕانی سۆسیۆکولتووری دیاری کردنیان ئاسانترە لە هۆکارەکان. پرۆسە بنەڕەتییەکانی گۆڕانی کولتووری بریتین، لە دۆزینەوەو داهێنان و بڵاوبوونەوە. لە لایەکی ترەوە، گۆڕان لە ستراکچەری کۆمەڵگەدا ـ یان سۆسیۆ گۆڕان ـ لە ڕێگەی پلان دانان و ڕیفۆرم و شۆڕشەوە دروست دەبێت. سەرچاوەکانی گۆڕان ژینگەی سروشتی، قەبارەو ستراکتووری دانیشتوان، ئایدیۆجیا، پێشهات و تاکەکەس، تەکنۆلۆجیا دەگرێتەوە.

گۆڕانی سۆسیۆ کولتوور بە شێوەیەکی سەرەکی لە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجییەوە

سەرچاوە دەگرێت. تەکنەلۆجی هەموو مێتۆدو ئامرازێک لەخـــۆ دەگرێت، کە یارمەتیی هەوڵی مرۆڤ دەدا بـــۆ کۆنترۆڵکردنی ژینگەی. یەکەم دۆزینەوەی تەکنەلۆجی داهێنانی کشتوکاڵ بوو، دووەم پەیدابوونی چەرخی ئامێربوو، یان شۆڕشی پیشەســـازی. هەرچەندە ئـــەم بزووتنەوەیە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمەوە لە بەریتانیای مەزن خێراییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بەستووە، بەڵام ڕەگی دەگەڕێتە دواوە بۆ چەندین سەدەی پێشـــترو کاریگەرییەکانی تا ئێستا لە جیهاندا هەســـتیان پێدەکرێت. بایەخدارترین گۆڕان کە لە لایەن شۆڕشـــی پیشەســـازییەوە هێنرابێت هەڵکشـــانە لە گەشـــەکردنی دانیشـــتوواندا و بە پیشەســـازی بوونە یان پشـــت بەستنە بە پیشەسازی ئابووری و بە شارستانی بوونە یان گەشەکردن و پەرەســـەندنی شارەکانە لە سەر حیسابی ژیانی دێهات.

مۆدێرنیـــزە بـــوون جۆرێکـــە لـــە گۆڕان کـــەوا لە کۆمەڵگە پیشەســـازییە مۆدێرنەکاندا دروســـت دەبێـــت و بـــە واتـــای گۆڕانـــە لە شـــێوازێکی بەرهەمهێنانی کشـــتوکاڵی و پێش پیشەسازییەوەو پرۆسەیەکی قورسە لە هەموو کۆمەڵگایەکـدا. ئەمە بە خـــاوی بەڕێوەچووە،

بــه درێژایی چەندین پشــت تا لــە دواجاردا لەگەڵ یاســاو ڕێســای کۆمەڵایەتیی ئێســتادا یەکیگرتەوە. لەو شوێنەشــدا کــە بە خێرایی بەرپابووبێــت ناســەقامگیرییەکی سیاســی گەورەو شێوازی تری پشێوی شڵەژان هاتووەتە ئاراوە. لە کۆمەڵگە پیشەسازییە مۆدێرنەکاندا، پێشــکەوتنی تەکنەلۆجی بە ڕێژەیەکی خێرا لە مێژوودا بەرپابووە.

تەکنۆلۆجیا بە شــێوەیەکی ڕادیکاڵ ژیانی خەڵکــی گۆڕیوە لە هەردوو ڕووی فیزیکی و لە بواری بەها کولتوورییەکانیشدا. لە ڕاستیدا هێندە بایەخداربووە کە هەندێــک بڕیار وای مەزەندە دەکەن کە تەکنۆلۆجیا بڕیــاردەری فەرهەنگی و ســتراکتوورو مێژووی کۆمەڵگایە. هەمیشــە سســتییەکی فەرهەنگی لە ئارادایە کاتێک کە بوارە نا مەتیریاڵەکان دەیانەوێت ئاســتەنگ بۆ بوارە مەتیریاڵەکان دروست بکەن. هەروەها ئەم سستییە ئاستەنگ و نارێکی بەرهەمدێنێت.

کۆمەڵگە فــرە ڕەهەندەکان بەڵگەی نارێکی و شــیرازە بچڕان دەخەنــەڕوو، چونکە مۆرک و خاســییەتێکی کراوەی ڕێکخستن و نادیاری و جووڵــەو تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتییان تێدایە لەمــەڕ ڕۆڵ و حاڵەت و پەیوەندیی لاوەکییەوە.

ئەو کۆمەڵە خەڵکانە بە ئاسانی کاریان تێدەکرێت لەلایەن بژاردەیەکی ڕێکخراو یان سەرکردەیەکی کاریزمییەوەو بەو پێیە ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە ئەگەری هەڕەشەیەکی لێ وەدیدەکرێت بۆ سەر دیموکراسی.

لایەنگیریی کۆمەڵگەی فرەڕەهەند سیستەمێکی فرە پەیوەندی پشتگیری دەکات. پەیوەندیی پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ هەموو بنیاتە فەرهەنگییەکان، بەڵام لەگەڵ تەکنۆلۆجیای ئێستادا هەمان پەیام و لە یەک کاتدا دەگەیەنرێتە ملیۆنان کەس. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو خێرای لەو چەشنە بە شێوەیەکی دراماتیکی ستراکتووری کۆنی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێت.

لە ڕووی تەکنۆلۆجییەوە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان فرە جار بەر شێوازی جۆراوجۆری ڕەفتاری بەکۆمەڵ دەکەون، و زیاتر لە کۆمەڵگە نەریتییەکان. ڕەفتارە بەکۆمەڵەکان لەو حاڵەتانەدا دروست دەبن، کە زۆر بارگاوین بە سۆز و نۆرمە ئاساییەکان کاری خۆیان ناکەن. ئەم حاڵەتانە بریتین لە ئاپۆرە (پشێوی، ڕەشەخەڵک، تۆقین)، واتەوات، فاشن، مۆدە، خولیای جەماوەر

و تەماشـــاکەران، ڕای گشـــتی، پڕۆپاگەنـــدەو سانسۆر، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. ڕەفتارە بەکۆمەڵ یان دەســـتەجەمعییەکان تاڕادەیەک داڕێژراو نیە.

ئاپـــۆرە یـــا قەرەباڵغی کۆبوونـــەوەی ئەو خەڵکانەیـــە کـــەوا کاردانەوەیـــان هەیـــە بۆ وروورژێنێکی گشتی و هاوبەش. ئاپۆرە دەکرێت لابـــەلا یان ڕێکخـــراو بێت، دەربڕیـــن بێت یان کاتـــی. ئەو خەڵکانەی لە ئاپۆرەدان مەزاجێکی هاوبەشیان هەیە، و لە سەر ئەو کۆنسێپتە کۆکن کە لە ســـاتەوەختێکدا ڕەفتار و هەڵســـوکەوت بکەن. ئاپۆرە کاتییەو ئەندامەکانی بە بێ ناوی و نادیاریی دەمێننەوەو مەسەلەکە بە شێوەیەکی شەخسی وەرناگرن. بەو پێیە ئاپۆرە دەتوانێت کاری ناشـــیرین و خراپ بەرپا بکات بێ ئەوەی ئەندامەکانی هەست بە گوناه بکەن.

جەماوەر (پەبڵیک) کە بریتییە، لە کۆبوونەوەی ئێـــرەو ئەوێی خەڵک کە بە شـــێوەیەکی کاتی بەرژەوەندییەکی هاوبەشـــیان هەیە یان بایەخ بە مەسەلەیەک دەدەن ـ ئەمەش دیسان شێوازێکە لە ڕەفتاری بەکۆمەڵ. ژمارەی گەورەی پەبڵیک لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا ڕای گشتیی دروست دەکەن، کە هەڵوێست یان خواستی زۆرینەیەکی

خەڵکە لە سەر مەسـەلەیەکی دیاریکراو. ڕای گشتی بە شێوەیەکی تایبەت گرنگە، لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکانـداو ماسـمیدیاش کاریگەریی گـەورەی هەیە لە سـەری. هەنـدێ جاریش پڕۆپاگەندە هەوڵێکی تاوتوێ کراوە بۆ قەناعەت کـردن بە خەڵک کەوا بە ئاسـانی قایل بن بە بیروباوەڕێک یـان هەڵبژادرنێکی دیاریکراویان هەبێت. سانسۆر زانیاریی دەشێوێنێ لە ڕێگەی فشار خستنە سەر یان سڕینەوەی هەندێ بەش یان هەمووی.

بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان هەوڵی بە کۆمەڵـن بۆ دامەزراندنی شـێرازەی نوێی ژیان ـ یان گۆڕینی یاسـاو ڕێسای کۆمەڵایەتی یان بەرهەڵستیکردنی گۆڕان. فاکتەرە بایەخدارەکان لە بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییەکانـدا بریتین، لە گۆڕینی دیدو بۆچوون و ئایدیۆلۆجیا. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لـە نێو ناڕەزایی و تووڕەییدا ڕەگ دادەکوتـێ و لەو کاتەدا گەشـە دەکات، کە کۆمەڵگەیەک تووشـی تەریکی و نامۆبوون و بەشـخوران بووبێـت، بـەڵام ئامانجەکانیان چارەسەری درێژخایەنی دەوێت. دوا ئامانجیش کاریگەرییە لە سەر گۆڕان تا دەگاتە حاڵەتی بە دەزگابوون. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگە

ڕیفۆرم بدەن بـــۆ گۆڕینی هەندێ ڕواڵەتی ئەو یاســـا و ڕێســـا کۆمەڵایەتییەی کە هەیە، یان ڕەنگە بە شـــێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بێت و کار لە ســـەر لابردنی ئەو یاساو ڕێسایە بکات، کە هەیەو بیگۆڕێـــت بە یەکێکی نوێ. قۆناخەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرهەڵدان و ئاوێتە بوون و بیرۆکراتیبوون و بە دەزگایی بـــوونوهەڵدێـــردەگرنـــەوە.

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

١٠٩